شیعر...

# چوارینەکانی ماچ

محەمەد پاکژ

سلێمانی: ساڵی ( ٢٠٠٥ – ٢٠٠٦ )

ناوی کتێب: بە سێدارەی لێوەکانتا هەڵمواسە

شاعیر: محەمەد پاکژ

بابەت: شیعر

تایپ: شاعیر

نەخشەسازی: کەژاڵ حسین

چاپ: چاپخانەی بابان

بەرگ: هێمن محێدین

تیراژ: ( ١٠٠٠ ) دانە

ژمارەی سپاردن: ( ٩٧٠ ) ساڵی ( ٢٠٠٥ )ی پێدراوە

سەربەرشتی چاپ: ناسك سعید

لەسەر ئەرکی سەنتەری رۆشنبیری شار چاپکراوە

# وتەیەك

ئەگەر شیعر پەیوەندیەكی حەرام بێت، ئەوا دەمرن بۆ ماچی لێوەكان گوناهێكە لێخۆشبونی نییەو تاوانێكە سێدارە سزاكەیەتی.

كۆمەڵە شیعری( بە سێدارەی لێوەكانتا هەڵمواسە ) ناونیشانی دواین گەمەی نێوان گوناهەكانی لێوی من و پەتی سێدارەكانی ماچ و شیعرە.

یەكەمین هاندەرو هاوكارم بۆ چاپكردنی ئەم كۆمەڵە شیعرە، كاك ( سۆران مارف كەریم ) و گە نجانی ( سەنتەری رۆشنبیری شار ) بوون كە هەر خۆشیان ئەركی بە چاپگەیاندنیان گرتە ئەستۆ .

ئەم هەڵوێستەی سەنتەری رۆشنبیری شار شانازییە بۆ من یەكەمین چاپكردنی شیعری خۆی بەم كۆمەڵە شیعرە بەخشی، بۆ ئەوانیش كە بە داگیرساندنی یەكەمین چرا رێگەیان بۆ كاروانی شیعرەكانی ئایندە رۆشندەكەنەوە.

من دڵنیام ئەم هەوڵە جوانەی سەنتەری رۆشنبیری شار پرۆژەی دیكەی بە دوا دادێت ،وێرای سوپاسی بێپایانم ئومێدی سەركەوتن و بەردەوامیان یۆ دەخوازم.

دڵنیایان دەكەم ئەوەی بە راستگۆیی مێژوو تۆمار بكات، دێرەكان خۆیان گەواهی بۆ دەدەن.

محمد پاكژ

بەفرانباری (٢٠٠٥)

**تكایە هەر هونەرمەندێك ویستی ئەم هۆنراوانە بكات بەگۆرانی با پێش وەخت پەیوەندی بكات بەشاعیرەوە، لە رێگەی ژمارە تەلەفونی (٠٧٧٠١٥٧٤٣٧٩).**

شیعر...

# ماچ لە دەمی کەنارییەکاندا

## چاپی پێنجەم

## پێشکەشە

- بە تۆ...
- بە لێوەکانی تۆ...
- بە ماچەکانی تۆ...

- ١ -

کوا شەراب نیوەی ماچێکت خۆشە؟
پەیمانەی لێوی پڕ ماچ بنۆشە
لەمەستی ماچا لاڵ و پاڵ کەوتن
خەیاڵی هێندەی سەد خەیاڵ خۆشە

- ٢ -

چەند ماچی دامێ لێوی پەیمانە؟
چەند مەستیان کردم ئەو شەرابانە؟
هیچیان ماچێکی لێوی یار نایژن
نە بادەو پەیمان نە مەستیخانە





- ٣ -

لەلای خواناس گوناهە ماچی لێوان
لەدین لادان زەوی نیشتن لەکێوان
لەوەتای من دەکەم ماچی لێوانت
فریشتەی ماچم بۆ هاتونە لێوان

- ٤ -

زۆر جار بیرم لەخۆکوشتن کردۆتەوە
زۆر جار نیوەی مەرگم تاقیکردۆتەوە
کاتێ کەبیر لەماچی تۆ دەکەمەوە
هەر لەجێدا دڵم پەشێمان بۆتەوە

- ٥ -

دەبوو بێیت و بکەم ماچ و نەهاتی
عەجەب ماچێ لەلێوی تۆ بوو قاتی
کە پێت ناخۆشە کەس ماچم بداتێ
دەبێ بێی و بکەم ماچت لەجەیاتی

- ٦ -

گوناهی من ئەگەر ماچی دەمێ بێ
ماچی لێوت ئەگەر چرکەی ژەمێ بێ
خودا هێندە بەسۆزە چۆن دڵی دێ
لەناو دۆزەخ ئاشق ناڵەی دەمی بێ؟





- ٧ -

ئەگەر سەرکردە یان ئاشق بکوژبام
شەوو ڕۆژ هەر لەشەرماندا دەگریام
ئێستا ئاسودەم چونکە هەر ماچی لێو
دەکەم بۆیە لەبەر دەم ژێر و وریام

- ٨ -

خەیام تامرد لەگەڵ مەیدا خەریك بوو
ترێ و گۆزە وەکو گیان لێی نزیك بوو
منیش بۆ ماچێکت سەد شیعرم نووسی
وەرە و بۆخۆت بڵێ ئەو ماچە چی بوو؟

- ٩ -

لەدیواری ژوورەکەم گەر بپرسن
لە ئەفسانەی دەم و لێوێ دەترسن
کەتۆ ماچی دەم و لێوم بدەیتێ
جەهەنەم گەر دە پرسن یا دەترسن

- ١٠ -

ئەوەی بێ ماچ لەچێژوانێ گەڕاوە
ئەوەی دەمی تێر لەناو دەم نەناوە
خەڵوز ئاسا وەها ئەشقێك گڕ ناگرێ
خۆ ماچ پوڵووی بەسەهۆڵ گڕ نەداوە





- ١١ -

ماوەیەك ئەم بەندو باوەی ماچی تۆ
کەوتە سەر لێوان و باس و گفتوگۆ
چی دەڵێن داخی دڵە یا هەربڵێن
بۆمن هەر ئیلهامی شیعرن ماچی تۆ

- ١٢ -

دەرفەتە ماچی دەمت کەم چی دەڵێی؟
بێنە بیخۆم ئەو دەم و لێوەو بەڵێی
من کە تۆیی لێوت لەسەر لێوم بچێ
یەك وەڵامە ئا دەڵێی یان نا دەڵێی

- ١٣ -

خوایە ماچی ئەو دەمو لێوەی چی یە؟
هەنگوینی چی نەباتی چی چییە؟
بێنە ماچێکت بکەم مردن لە پێشم حازرە
ماچ گوناهە؟ کوا گوناهی ماچ چی یە؟

- ١٤ -

ئەوەی گیانی بەماچی لێوێ بەخشی
خوێنی لێوێ لەسەر لێوانی نەخشی
وەکو یەك وانە جەلادو قوربانی
چ جیاوازە ببەخشی یان بنەخشی؟





- ١٥ -

هەر دڵێك و لێوی تۆم هەبێ بەسمە
حاشا بکەن لێم ماچی تۆ کەسمە
خەمبارن ئەوانەی مەی دەفرۆشن
من بۆ خەم و تەم ماچێکت بەسمە

- ١٦ -

هاتی شکاندت شوشەی ئەم دڵە
هاتی وەراندت پەڕەی ئەم گوڵە
زام ساڕێژ دەکات ماچێ خێراکە
هاکا لێومانی وەراند ئەم گڵە

- ١٧ -

پێمدەڵێن بەماچ بەهەشتت دەچێ
زەقومی دۆزەخ لە پێت هەڵدەچێ
ئەوەی بۆ ماچێ دۆزەخ بێ جێگەی
پێمناڵێن کێیە بۆ بەهەشت دەچێ؟

- ١٨ -

خیام شەراب و من بەماچی دەم
هەر دوو لەزکری ئەشقا دەبین جەم
ئەو گۆزەیە مەی تاسوقی شکاند
منیش لێوێك و جوتێ کێوی مەم





- ١٩ -

چیم لێدەخوازی کەمن تەنیا ماچ
هەناسەم بێت و هێزی دەست و قاچ
هەزار بژیم و ماچ ژیانم بێت
نایدەم بەهەزار کوشك و تەخت و تاج

- ٢٠ -

دەمت باوێ دەمم گەر هۆگری ماچی
بمرین و ژەمێ ماچ نەکەین جا چی؟
بەم وەرزی بەهاری تەمەنە لێو بگەشێنە
نەبادا وەك گەڵای پایز بەبا چی

- ٢١ -

دەڵێن شەرمە گەلێ باسی ماچ دەکەی
ئەگەر ماچت نەداتێ یارچی دەکەی؟
بڵێن مەرگت بەجارێ پێم خۆشترە
منو ئەو ماچ خیام خۆیی و گۆزەکەی

- ٢٢ -

ماچی نەباتو شیرین گفتوگۆی
نێرگزو سمڵ مێخەك تامو بۆی
گومانی هەبوو لەم لێوانەی من
پێمگوت خاوەنی ماچەکانم تۆی





- ٢٣ -

لێوم تینوەو ماچی نادەیتێ
نابی بەشیعرێ بەنیوە بەیتێ
ڕۆژێ کەلێوم دەبێت بەچیا
تۆش بەدامێنیا دەڕۆی نایگەیتێ

- ٢٤ -

سەیرە پێش مەرگم ماچێکت نەکەم
حەتمەن گوناهم هەیە زۆر و کەم
کەبۆ ماچی تۆ تێر سووتاندیانم
ئەوسا بۆ گوناە تۆبەیەك ئەکەم

- ٢٥ -

ئەگەر هەزار ساڵ تەمەنم بوایە
چی جوانی دنیا دامەنم بوایە
من ماچەکانی تۆم دەویست و بەس
خوای دەکرد چاخی ئەشکەوت بوایە

- ٢٦ -

هەزاران ساڵە دنیادێو دەڕوا
ئەم دێنێ دەکا ئەو دەباو دەخوا
گەر ئادەم ماچی حەوای نەدەکرد
منیش ماچی تۆم نەدەکرد بەخوا





- ٢٧ -

گەر ماچمان هەبێ کارمان تەواوە
کێ دنیای بردو لەکۆڵی ناوە؟
کەسەرەنجامی دنیا مردن بێت
با تێر ماچ بکەین هەتاکو ماوە

- ٢٨ -

ئەفسانەی ماچ و دەم و لێو مژین
پەنهانە وەکو ئاسمان بەرزو شین
ئاسمان ملیارێ چین لێمان دوورە
وەرە چینی ماچ بخەینە سەر چین

**- ٢٩ -**

**دەڵێن ماچ کردن ڕۆژو دەشکێنێ**
**کەماچ ئەمدنیاو ئەویشیان دێنێ**
**باوەڕم نیە خوا لەسزای ماچ**
**لێوی دوو ئاشق هەر ناسوتێنێ**

**- ٣٠ -**

**لەم چەرخی داناو زاناو ڕۆشنە**
**ماچ هەر تاوانەو سزای کوشتنە**
**ماچێکمان هەبێو هەردووکمان گۆڕێ**
**چی جوانتر هەیە لە ئەو مردنە؟**





**- ٣١ -**

**پایزێك ترسام لێوم با بی با**
**نەگات گوڵێکی بەهار ماچی کا**
**بەڕێدا خێرا دەڕۆشتم وەك با**
**نەبادا بێت و خێرا ماچی کا**

**- ٣٢ -**

**مەلێك لەباخدا زۆر شینی گێڕا**
**چاوی گریاوی بۆ یار دەگێڕا**
**نەگەی بەماچێ خەم فەرامۆشکا**
**ناحەزێ لێوی بڕی هات خێرا**

- ٣٣ -

جەژنانەت دەوێ هەر ماچم هەیە
تەمەن چوو ڕابوود جەژنمان کەیە ؟
خۆم پیرم هێشتا لێوم منالە
مەیلی مژین و ماچ و مەی هەیە

- ٣٤ -

جارێك ماچێكی دامێ تاڵ و ژاڵ
نەشئەی نەدامێ وەك مەست و خەیاڵ
چۆن هاتم ماچێك ئارامیم باتێ
هەر وا ڕۆشتمەوە بەدەستی بەتاڵ





- ٣٥ -

ڕوباری هەنگوین سەرچاوەی کەوسەر
لە نێوان لێوی تۆوە دێنە دەر
کە تۆ تێر ماچم بدەیتێ و بەهەشت
وەکو ماڵێکە بێ دەرگاو چە پەر

- ٣٦ -

شێتی یە هەر ماچ لەسەر زارت بێ
خەت وخاڵی لێو دۆست و یارت بێ
بۆ ژیان بژی و هێشوی ماچ بڕنە
نە بێگار بکەو نە بێگارت بێ

- ٣٧ -

سەرم سوورماوە لەم چەرخ و دەورە
منالْ ماچ دەدات بە پیاوی گەورە
ئەو پیاوەی لێوی دەڵێی مشارە
دانیشی تیژە وەك دەمی تەورە

- ٣٨ -

سیاسەت مەدارو دەوڵەمەند زۆر جار
لەخۆوە بوونە زوحاکی سەر شار
زۆرێکیان کەدێن وەك ڕەوە کوللە
دەم و لێو دەکەن بەتوێکڵی دار





- ٣٩ -

پیرێ هەتا مرد بادەی دەنۆشی
مەست دەبوو سەری دەنایە کۆشی
ئەگەر ئەو پیرە ماچی هەبوایە
نەساقی دەویست نە بادە نۆشی

- ٤٠ -

گەر وەکو زاهید تەرکی دنیا کەم
خەرمانی تەمەن گشتی بەر باکەم
ناتوانم لەبەر سیحری لێوی ئەو
لێوم ڕابگرم یان بێدەنگ ڕاکەم

- ٤١ -

سۆفی ڕیش درێژ تەزبیحی بەدەست
لەزکری خوادا ئاشق و سەر مەست
ڕێکەوت لێوی دەخاتە سەر لێو
دەڵێ یەك گوناه دەکەم بەئەنقەست

- ٤٢ -

ماچی لێوی تۆو شەرابی ترێ
بۆ شاعیری شێت هەتاکو دەمرێ
ماچ بکاو خوێنی ڕەز بخواتەوە
ئاسوودە دەژی و نارام گەر بمرێ





- ٤٣ -

ئەگەر لەسەر ماچ گوناهێ کردم
من لێوم گەزی و ئەو ماچی کردم
سەیرە جەهەنەم سزای ماچی بێ
خوایە تۆ نەکەی شێتانە کردم

- ٤٤ -

بژاری خاڵی لێوت بەدەم بێ
زیاد نەبێ گیانە ناهێڵم کەم بێ
نە لەبژار دێ و نە ماچ یش دەکرێ
ئەگەر ئەو هەموو خاڵانە جەم بێ

- ٤٥ -

گەشتی دنیای ماچ دوور و درێژە
تاوێ هەورازە و تاوێ ڕووی لێژە
لەهەر شوێن پێیەك تاوێ ڕاوەستە
نەمامی تەڕی یەك ماچ بنێژە

- ٤٦ -

چەند ڕۆژمان بێ ماچ ڕۆی و لەدەست چوو؟
چەند تاڵی قژمان ڕۆیی و بەسەر چوو؟
ئەگەر سەد هێندەی تاڵە مووی دنیا
ماچ بکەین هێشتاچووە ئەوەی چوو





- ٤٧ -

خواناس چەند تاسەی بانگی پارشێوە؟
زام دار چەند ژانی برینی پێوە؟
هەمووتان وەك من تاسوقن بۆ ماچ
بەلاّم من ئازاو سەرکزن ئێوە

- ٤٨ -

چی وەك ماچ ئارامیی دلاّنی لەدوایە؟
خۆ هەمووی قازا نجە نەڕە نجەو سەر مایە
درەنگە با دنیا بخەینە کەژاوەی ماچەوە
سبەینێ ئەم دەمو لێوانە لەکۆشی گڵدایە

- ٤٩ -

ئەو ماچی دەمەی کەبەخشینی خودایە
ئیلهامی هەزار شیعرو پەخشانی تیایە
خوا ماچی بەمن بەخشیوە و ئیستا
نازانم لەچی ئەم تاوان و سزایە؟

- ٥٠ -

مەیخانەم بەجێهێشت و ڕومکردە ماچت
تۆ وەکو عیسای مەسیح بمدە لەخاچت
هەر جارێ بەبەر ماڵەکەمدا ڕابوریت
یەك ماچت لێدەکەم لەجیاتی باجت





- ٥١ -

کەمردن ڕۆح و دەم و لێو بخوا
بۆچی ساتێکمان بەبێ ماچ بڕوا؟
ڕۆژێ دێ وەکو نەبووبین وایە
ماچێ گوناهی سەد ساڵمان دەشوا

- ٥٢ -

گوناه بێ ماچێ تۆبەی لەدوایە
کەتامی تۆبە خۆی لەماچدایە
تۆبە و ماچ کردن لەدەم و لێوا
هەر یەکە و بەدوای یەکی تردایە

**- ٥٣ -**

**ئەو دەم و لێوەی ئیلهامی شیعرن**
**وەکو پە پوولە دوای وەرزێ دەمرن**
**بەلام ئەو شیعرەی ماچ ئیلهامی بێ**
**نەهەر وا دێن و نەهەر واش دەمرن**

**- ٥٤ -**

**پێم دەڵێن ئەو نەخۆشی ماچە نەخۆش**
**بەویشیان دەگوت سەر خۆشە سەرخۆش**
**کەسێ ماچ و مەیی و شیعر بنووسێ**
**سەر خۆشە یاخود وشیارو پەرۆش؟**





**- ٥٥ -**

**بۆ بەخۆزگەی دەم و ماچەوە بمرین؟**
**لە داری ڕوانینا بەری خەم بگرین؟**
**سەرێکە و دێت و دەڕوا ئەم دنیایە**
**نازانم بۆچی بژین و بۆچی بمرین؟**

**- ٥٦ -**

**خودا خۆی خاوەنی هەردوو دنیایە**
**خالقی گەردوون و میرو گەدایە**
**بۆ سزای ماچێ دۆزەخێ جۆشدا**
**بڕوا ناکەم لەگەوریی خودا نایە**

**- ٥٧ -**

**دەترسم بەلێومەوە پەڕەی لێوت هەڵوەرێ**
**لەڕاموسانێکماندا مینای دڵمان شەق بەرێ**
**ئیدی نەبەهەشت هەیە خەمی لێومان بخوات و**
**نە دۆزەخیش ماچمان پەنای بۆ بەرێ**

**- ٥٨ -**

**ئەو لێوی سکاڵای خستە بەرگوێم**
**ئەگەر زوڵمێ کراوە؟ چییە من دێم**
**نەمزانی چۆن لێوم بەر لێوی کەوت**
**خۆی لێوی گەزیم و ئاڵایە دەست و پێم**





**- ٥٩ -**

**زەردەشتی منم ئاتەشگەم دەمی تۆیە**
**عەوداڵی دەمم دەم دەمی تۆیە**
**ئاگر لەدەم و لێوت بباریێ خۆزگەم**
**بەو ماچی دەم و لێوەت گڕ دەمی تۆیە**

**- ٦٠ -**

**دەم بێنە دەمی ماچ و مەستیە قوربان**
**سەد لێوت بۆ ماچێکی دەم دەبێ قوربان**
**هیچ دەمێ دەم بەفیڕۆ با نەچێ قوربان**
**نێزیکە نە پێڕانەگەین جەژنی قوربان**

- ٦١ -

خودا لێوی بەتۆ داوەو منیش لێو
ئەگەر من ئادەم بم و تۆش لەتێ سێو
لە چارەی نوسیم بتخۆم و گوناه بار
منم ئێستا خەتا کاری سێو و لێوو

- ٦٢ -

بێنە ماچێ بۆچی دۆستم دووژمن بێ؟
ڕەنگە ڕەنگی لێوی تۆ خوێنی منبێ
خوێنی من بۆ تۆ حەلاڵە وەك ئەوەی
کێ لەسەر ماچێ کوژرا دەستی من بێ





- ٦٣ -

ماچی لێوت ئای لەماچی لێوی تۆ
نەباتی چی هەنگوینی چی تام و بۆ
من لە پای ماچێ جەهەنەم جێمگرێ
تۆ براوەی خوا بەهەشتی دا بەتۆ

- ٦٤ -

کەچڕۆی دەم کەخونچەی لێوت پوشکا
پێکی مەیخانە لەسەر دەستم شکا
وەکو پارشێو تەڕو پاراوە ماچت
خودا جارێ ماچی لێوانە کاشکا

**-٦٥-**

**لەشەرمی ماچێکی ئەو لێوە ئەمشەو**
**نەدڵ ئارام نەچاویش لێی کەوت خەو**
**کەشەرم و ماچ و شیعرو مەرگم بەس بێ**
**ئەوی من بێ لەماچێکا منیش ئەو**

**-٦٦-**

**دوو لێو کەماچ ڕەنگەکانی ئاڵایان بێ**
**ئاوێزان بوون کەنەخشەی جوگرافیایان بێ**
**لەشەڕ دوورن وڵاتی کەس داگیر ناکەن**
**باوەڕ ناکەم دڵەکانیش لەو ماچە سکاڵایان بێ**





**-٦٧-**

**بێم و ماچێکت نەکەم ڕەنجم بەچی؟**
**ماچم نەکەیت ماچت نەکەم چی بەچی؟**
**هەر وەڵامێ هەڵبژێری ڕۆژێ دێ**
**هەر وەکو ساتێ نەبوو بی وا دەچی**

**-٦٩-**

**من کەدێم ماچم دەوێ ماچی دەمت**
**من کەدێم و دەم دەنێمە ناو دەمت**
**هەر لەخۆوە تێدەگەم گفتی دەمت**
**گەر بڵێی پێم هەڵبژێرە هەر دەمت**

- ٦٩ -

گیانەکەم ماچێ بەتاسە هات و گیانی بردەوە
دەری مەیخانەی داخست و دەری لێوی کردەوە
من بەلاوی تام و بۆی ماچم بەوانە خوێندوە
ئەو بە پیری سەد گرێوی ماچی لە من بردەوە

- ٧٠ -

مەیلی ژینی چی نەگەر تۆ بەو دەم و لێوانەوە
باجی ماچێکم نەدەیتێ بەو دەمی ڕێ و بانەوە
ڕۆژی سەد جار بڕۆی و بێی ماچ دەکەم
گەر وەکو پاساری بفڕی بەو سەری ئاسمانەوە





- ٧١ -

زۆر لێوم دی بەئەسپایی هاتن و ڕۆشتن
ئەم لێوی لێوانەی دەکڕی و ئەو دەیفرۆشتن
باخەوان ئەو باخی سێوەی بۆ فرۆشتن چاندووە
کەچی بەد فەڕ لێوەکانی تالآن دەکەن کرۆشتن

- ٧٢ -

بەماچ هاتین و باری ماچ دەکەین بار
بەرەو ژێرەو بەرەو ژوورە جارو بار
کەماچ بارو کەماچ سەر باری بێ بار
کەهەر چوار باری ماچ کەین خەمی چی بار؟

- ٧٣ -

ئەوەی بەماچێ گوناهێکی کرد
سینە ترازاو ئەو دەستی بۆ برد
چ گوناه کارێ بەر قاپی تۆبەی
بەرنەدا تاکو مردن یەخەی گرد

- ٧٤ -

تۆبە کار بۆیە ڕوو لەتەقوایە
شەرمندەی دەرو دیوانی خوایە
دەزانێ ئەوەی کردویە چەوتە
دەنا ماچ بۆخۆی بەزەیی خوایە





- ٧٥ -

ئەو بادە گێڕەی ماچ مەزەیەتی
کەسەریش لێوی ئەم حەزەیەتی
شەرابی لێوێ بەماچی ساقی
هەر مەستی ماچی لێو گەزەیەتی

- ٧٦ -

ئەوەی بەماچ و مەی گوناه بارن
ئارامن یاخود هەناسە سوارن
هەموویان دەبن بەخاکی بەر پێ
دەی خاک بەسەری ئەوەی بێ یارن

- ٧٧ -

دەورانی دونیا هەردێتو دەڕوا
ڕۆژێ لەتۆیەو ڕۆژێ پێشتەو دوا
خۆشی لەو کەسەی هەتاکو مردن
هەر پێکی بادەی دەمو لێو دەخوا

- ٧٨ -

ئەڵێن ڕووی دونیا لەکۆتاییە
چەرخو دەوران ڕووی بەرەلاییە
ئەی خاکم بەسەر تێر ماچم نەکرد
دونیا لەوەی مرد ڕۆژی دواییە





- ٧٩ -

دەستاری گەردوون دەسوڕێتەوە
گیان دەهاڕێتو خۆڵ دەتفێتەوە
سەد خۆزگەم بەوەی لەمەستی ماچا
لەناو بەرداشدا هۆشی دەێتەوە

- ٨٠ -

ئەوەی ڕۆی ماچی خاکو خۆڵی کرد
چی ئەوەی کردی کوا لەکۆڵی کرد؟
ماچ بارا نمکە تا نەبووم بەخۆڵ
هاکا خاکیش هات ماچی منی کرد

- ٨١ -

وتم بەخونچەی گوڵی لێوی مەست
بەچەشنی بولبول نامانکەی سەر مەست
لەخۆ بایی بوو وای نەدەزانیٚ
ڕۆژیٚ دیٚ لێوی دەبیٚ بە پیٚ پەست

- ٨٢ -

جوانیٚ شاگردی بابی بوو بەردەست
ئەو گوڵی دەچنی و ئەو چە پکەی دەبەست
پیٚمگوت با منیش چە پکیٚ ماچ بچنم
لەترسی بابی توند لێوی خۆی گەست





- ٨٣ -

تامەزرۆی ماچی تۆش لەمن زیاتر
لێوی من پووشوو لێوی تۆش ئاگر
بۆ خۆت هۆکاری سووتانی قوربان
وەرە گڕ بەردەین لەکڵپەی ئاگر

- ٨٤ -

ئۆقیانووسی ماچ سەرو بەری کوا؟
گەورە بچوك و بچوکتر دەخوا
ئەوەی گێژاوی ماچ لولی نەدا
خۆراکی خاکەو خاکیش ئەو دەخوا

- ٨٥ -

بەجوانیێکم گوت ئەی خونچە بەدەم
تۆ چاوت داخەو منیش ماچت کەم
ئەم هەموو جوانەی تۆ دەیانبینی
ڕۆژێ دێ دەبن بەخۆڵی گوێ چەم

- ٨٦ -

پیرێکم بینی بێدەنگ دەگریا
دەستی دەکێشا بەئەژنۆی بریا
پرسیم مامەی پیر چ بەلایەکتە؟
وتی ئەو لێوەی بەتالان بریا





- ٨٧ -

گەر دوو ئاشقی مەستی ماچ کردن
لەئاوێزان بوون مەمو لێو گرتن
پیرێکی شەیدای ماچتان لەبیر بێ
لەماچدا ناگەن بەدەریای بێبن

- ٨٨ -

تا ژینمان لەدەست دەرنەچووە ماچێ
کێ دەڵێ سبەی گیا نمان دەرناچێ؟
کەنراینە خاک ئەی خاکمان بەسەر
سەد هاتو هاوار بەماچێ ناچێ

- ٨٩ -

خودا ناسێ ماچێکی دامێ و گریا
دەیگوت دەستم لەجیاتی دەشکا بریا
ئەوەندەی پێخۆش بوو لێوی کرۆشتم
هەتا ئێستاش دەهێنێ لێوی بریا

- ٩٠ -

ئەو دەردوو خەمەی لەدڵی ئێمە کۆیە
مایەی ژیانە هەمووی بێ هەت و هۆیە
ئەو ماچە کەهۆی مەرگ و ژیان بێ
تێر ماچ کەین کەژین خۆشی درۆیە





- ٩١ -

ئەم بیرو هۆشەی لەزینیدانی سەرمدا
هۆکاری خەمە لەناو ژووری گەرمدا
نابوت ئەوەیە ماچێ نەکات و بمرێ
ماچێ کەتەزوی هۆشێکی لەسەرم دا

- ٩٢ -

ژین تاڵە وەرە شیرین ماچێ بنێژە
کێ ژینی وەکو حەزرەتی نوح درێژە؟
دار گوێزێ دەنێژیت و دەمرێ بەسەریا
وا ماچکە بزانی بەری هێناوە لەمێژە

- ٩٣ -

ژینێ کەبەسەد دەردو نەخۆششی
نەتوانی دەمێ دەمێکی لێ بنۆشی
وا چاکە کەخوت ناو بنێی مردوو
لەم ژینە مەرگ نۆشی، دەنۆشی

- ٩٤ -

پایزبێ ئەگەر خونچە دەمت بێ
ژین سارده ئەگەر خونچە دەمت بێ
یەك ساڵێ بەدڵ ماچی دەمت کرد
زیادیشی هەیە نەکەی خەمی کەمت بێ





- ٩٥ -

دڵبەر وەرە با لێوت بنۆشم
بەو بادەیی لێوی تۆیە سەر خۆشم
لێوم لەشەستەی ماچ بگرەوە
سەریشت باوێرە ناو کۆشم

- ٩٦ -

وەرە با منو تۆ هەردووکمان پێکەوە
من لێوم دەبەخشم تۆش لێوت لێکەوە
من لێوم دەبەخشم بەلێوی ماچێکی گڕگرتوو
تۆش وەرە نەك لێوم سەریشم لێکەوە

- ٩٧ -

کێ ماون لەوەی هاتوون و ڕۆشتون؟
وەك ئاو لەسارا ڕۆشتن و ڕۆچوون
بێ دەستم کە چۆن دەمهێنێ و دەمبا
ماچێ کەنەکەین کێ دەڵێ بۆ چوون؟

-٩٨ -

خۆشیان گوزەرا ئەوانەی کەرو کردن
هەرلاو بوون هەتا دەم دەمی مردن
بۆ ژیری بەبیر خۆشی لەسەر لێو
ماچێکە لەدەم دەم دەمی مردن





- ٩٩ -

دڵبەر وەرە با لێوت بنۆشم
بەو بادەیی لێوی تۆیە سەر خۆشم
لێوەکانم لەشەستەی ماچت بگرەوە
سەریشت باوێرە ناو کۆشم

- ١٠٠ -

خەونێکە ژیان لە پڕ دێت و دەبووری
بێسوودە کڵۆم مەرگ لێی دێتە ژووری
ماچێ لەدەمی مردنا گەر بێ
وا بزانە ئاوی ڕووبار دێت و دەبووری

- ١٠١ -

بەر لەوەی ئاویلکە گەمەمان پێبکات
بەر لەوەی چاڵی تار گەمەمان پێبکات
وەرە تۆ مەیزەدەی ماچێکی مەستم کە
بێ باکم بەمەستی چیدەکات با بیکات

- ١٠٢ -

هەر ماچێ کە پایەی ئاسمانی ژیانە
ئەو دەمەی لێوی زەوی و لێوی ئاسمانە
لەنێوان سەر زەویی و ئاسمانی دەمتدا
من تەنیا ماچێکم گەرەکە شێتانە





- ١٠٣ -

کەمردن دوایین وێزگە بێ حەتمی
هەمووی جێی بێڵین بەزیادو کەمی
بۆ بەکامی دڵ ماچی لێو نەکەین
خۆ هەر دەبێ دەم باوینە دەمی

- ١٠٤ -

ئاخ پیریی و مردن بۆچی دانرا؟
ئەم نهێنییە هەر نەزانرا
کەسێ ماچ نەکاو پیر بێت و بمرێ
مردن بوو بەژین لەقەڵەم ئەدرا

-١٠٥-

کەهەتاو هەڵدێ ئاونگ نامێنێ
خۆر ئاوا دەبێو تاریکی دێنێ
لەو لێوانەدا هەزار ماچ نەکەی
ژینت دەفێکی دڕاو ناهێنێ

-١٠٦-

پیر دەبم و گۆچان دەستی دەستم دەگرێ
چاوم کزو دڵم بەرگەی خەفەت ناگرێ
ئەوسا کەماچ وەك تەوقە کردنی لێدێ
نەکەس ماچێکم دەکاتو نەماچیکم لێوەر دەگرێ





-١٠٧-

هەموو ئێواران خۆر بۆ ئاوا بوون دەچەمێتەوە
تاریك دادێتو دەرگای ڕەهایی شەو دەکرێتەوە
بێنە تێر ماچ کەم ئەو دەمو لێوەت
کێدەڵێ سبەی خۆری تەمەنی من هەڵدێتەوە؟

-١٠٨-

گەلێك هەن فێری کوشتو تاوانن
گەلێك هەن شەیدای ماڵو سامانن
من ماچ و دەمو لێوی تۆم هەبێ
ئەوەی نەماوە من نیم ئەوانن

- ١٠٩ -

گەر وەکو ڕەشمار لەیەك نەئاڵێن
لەزکری ئەشقا بێدەنگ نەناڵێن
لەکوێ بەماچێ وەك تەختەی بێ گیان
گیان دەچێتە بەر گیانێکی خاوێن؟

- ١١٠ -

مەیی و مەیخانە هەمووی درۆیە
مەستی خامۆشەو ئەنجام پشکۆیە
خۆشترین مەستی لەڕاستی ژیندا
مەستی ماچێکی ناو دەمی تۆیە





- ١١١ -

ڕووی گەرژە دڵ بەقینە لەلێوم
بەو لێوە نا پێوێ دەمو لێوم
ئەو لێوەی کەئافاتی منەو ئەو
دەمکوژێت و جارێ ناکا بەخێوم

-١١٢-

مەی تاڵە نەباتە مەیی لێوت
خەم ژەهرە شیرینە هۆی جنێوت
لەجیاتی مەیی و ژەهر ماچێکت بەسمە
لێو ماچ و دەست و پەنجەم بەسێوت

- ١١٣ -

ئەو لێوەی کە پێخۆری خاکە سبەینێ
بۆ ماچی تەڕی بەکامی دڵ نەدەینێ
ژین تاوێ دەمی بنێتە تامی ژیان
مردن ڕەوایە گیان بەگیانی دەدەینێ

-١١٤ -

دڵ شادبە دەمی شادی لەسەر دەم
ژین دێت و دەڕوا شادی بێ یاخەم
چەند جوانە مەرگ بەو دەم و دەستە
نێوانی دەمی گۆڕێ بێ بۆ دەم



محەمەد پاکش
چوارینەکانی ماچ

- ١١٥ -

زۆر هاتن گەلێ بەم ڕێیەدا چوون
زۆر ئاشق و ژیر ژین و بەبا چوون
ماچێکی دەمت تامی مەرگ بێ یا ژین
بێ باکم لەوەی چوونەو بەبا چوون

- ١١٦ -

ئاشق کەدەمی چاوەڕێی دەمی یارە
ئەو لێوی خەمە و ئەم خەمی یارە
سەد ماچی دەمی پێم کەمە هێشتا
داخم کەسبەی ماچی خاک دەمی یارە

- ١١٧ -

ئەو هات و کە لێوی گەزیم دڵی کوشتم
ژین چی بوو منی زارۆ جامێ بوو ڕشتم
تاسینە شەقی بردو دڵ کەوتە سەر خاك
ماچێکی دەمی لەسەر لێوی نەچەشتم

- ١١٨ -

دڵ تەنگە شەراب و ساقی نیە چاری
گیان پەستە بەدەم زارو بێ زاری
ماچێ کەلەدەم زاری بێ زار بێ
فتوایە بەشەرعی عەشق چاری زاری





- ١١٩ -

دڵ خۆشی کەوا دەزانی زۆر دەزانی
سەر مەستی کەدڵ مەستی دەمانی
ماچێ بەدەمی ناشی و پیاوی دەبەنگ بێ
کوا ڕێزی دەم و لێوێ دەزانی چ دەزانی؟

# ماچو مردن

وەرە ...
لێو باوێ سەر لێوم ،
هەتا دەمرین، با لەماچ کردن
نەوەستین
لەدەمی تێکەڵاوبوندا...
دوو شێتی چەند جوانو
مەستین؟!
وەسیەت دەکەین...
لە دووری گۆڕستانی شار
هەر دووکمان لە گۆڕێك بنێن
کە ئاشقان...
بۆ سەر گۆڕی ئاشقی ون
هاتنە لامان..،
لە جیاتی گوڵ، باسەرو
دەسکێ ماچ دانێن.





# ماچو پرسیار

لێم دەپرسی...
ئایا بیری ماچەکانی دوێنێ
ناکەم؟
خۆت...
لە من باشتر دەزانی،
چۆن وەلآمت بۆ پەیداکەم؟
گیانەکەم سەیرە نەزانی
ماچێکی تۆ، لەمردن
دەمگێڕێتەوە!
لەماچێکدا...
روحم دەبێ بە پەشمەك و
بەلێوتدا دەتوێتەوە.

# هەنگوینی ماچ

**لەوەتای ماچم نەکردوی،**

**لێوەکانم لە تامی ژیان**

**بێزارن**

**زمان نابەم...**

**هەنگوین و نەباتیش بۆ من،**

**تامیان وەکو ژەهری..**

***مارن***

**وەرە..جوانێ...**

**بۆخاتری ئەو خوایەی**

**تۆی بە من داوە..**

**ماچم بەرێ**

**نەبا...**

**مەرگ لەناکاو بێ..**

**دوێنێی ماچ و ئەمڕۆی ماچ و**

**ماچی سبەینێمان بەرێ.**





# چیرۆکی ماچ

**سەرگوزشتەی...**

**هەر ماچێکت، چیرۆکێکی**

**سەربەخۆیە**

**ئەگەر بڵێم...**

**بەماچێکت  دەمرم و دەژێمەوە**

**گوڵەکەم نەڵێی درۆیە**

**گیانەکەم...**

**فەرموو دوولێوم،**

**بەتاسەو تاشیلەی تیابێ**

**ماچی کە**

**چرام...**

**نەك هەر لێوەکانم،**

**ژیانیشم خەڵاتی تامی**

**ماچێکە.**

# پێکی ماچ

حەزم دەکرد...
لەجێی هەموو پێکە خەمێ،
پێکی لێوت بخۆمەوە
لەدوای...
هەموو ژوانێکەوە،
بەماچی تۆ مەیکەدەبم، بڕۆمەوە
بەلاّم گیانە...
خەم هەمیشە بێ مەیخانەو...
بێ جێگە ژوان لەسەر لێوم
ئامادەیە
من...
خەمی ئەو ماچانەی تۆ
پیرم دەکەن و دەمکوژن،
مردنیشم وەکو نۆشینی بادەیە.





# خەمی ماچ

کەخەم...
دێ و داگیرم دەکات،
هەر خۆت دڵم دەدەیتەوە
کەسەرما...
دڵی ئاشقم دەتەزێنێ،
ئاگری ماچ لە سەر لێوم دەکەیتەوە
بۆچی...
منیش، نە بمە سۆفی
خەڵوەتی ئەو دوو لێوانە ؟
هەموو ماچێکت
نازانم چیم لێدەکات؟!
کەنا پێورێ بە پێوانە.

# شەکرە ماچ

ماچەکانت
فێریان کردوم،
پێکی تاڵی بێ پێکەنین
نەخۆمەوە
لێوەکانت...
فێریان کردوم،
بێ کرۆشتنی شەکرە ماچ
نەرۆمەوە
چەند خەمی...
ئەو رۆژانەمە،
بەر لەوەی ماچت کەم
دەمرم
ئەو ماچانەی...
پەسا پۆرتی وڵاتی
خۆشەویستیان..
پێ وەردەگرم.





# ماچو پاڕانەوە

چەند...
نزات کرد پاڕایتەوە ؟
تابارانی سۆزم داکاو..
بەتینوێتی نەڕۆیتەوە
پێت دەوتم...
هەنگاوەکانم بەرەو ماڵ
رێ دەرنابەن.. ئەگەر پێکی
لێوەکانم نەخۆیتەوە
ئێستاش...
هەمان ئەو ئاشقەم
کەخۆت فێری ماچو
مەم گوشینت کردم
لەناکاو...
خۆت لەچاوەکانم ونکردوو
تۆشی خەمو کۆڕی..
گەرمە شینت کردم.

# تلیاکی ماچ

**ماچەکانت...**
**وەکو تلیاك، تێکەڵاوی**
**خوێنم دەبێو مەستم دەکات**
**بۆیە ئەگەر...**
**ڕۆژێ بێ ماچ بڕۆمەوە،**
**هەموو گیانم داوای تلیاکم لێدەکات**
**بۆ خاتری...**
**ئەم دڵە شێتو تەنیایەم،**
**ڕووی ماچم لێ وەر مەگێڕە..!**
**ئەگەر...**
**بە سوێی ماچێکەوە گیانم دەرچوو،**
**دوایی پرسەی مەرگی ماچم بۆ**
**مەگێڕە.**





# جەژنە ماچ

**تۆ لە کوێ بووی...**
**کە ئاگری بیستو یەك ماچ**
**لە سەر لێوم بکەیتەوە؟**
**لە ڕۆژی...**
**جەژنی شیعردا،**
**بەماچێکی تەڕی لێوت**
**دڵی شاعیر بدەیتەوە**
**ئەم نەورۆزە...**
**تۆ لەکوێ بووی؟**
**کەبێ ماچ و بێ ئاگرو**
**بێ جەژنانە ڕۆشتمەوە**
**ئەو...**
**هەموو بارانە باری،**
**کەچی تاڵیو ڕەشاوی**
**سەر لێوەکانی نەشتمەوە.**

## ماچو شێتی

ئەو لێوانەت
بۆ شاعیرێکی بێ پەروا،
بەهەشتی خوای سەر زەمینن.
ئەو ماچانەت...
بۆ پیاوێکی شێتو شەیدا،
حەزو تاسەو خەو بینینن
ماچەکانت...
ئای لەسیحری ئەو ماچانەت،
لە سەر لێوم دەڵێی هەنگوینی
شیرینن.





## نیشتمانی ماچ

کە لێوی تۆ...
نیشتیمانو داڵدەی لێوی
شێتێکی رووتو برسیە
کەماچی تۆ...
ئیلهامی شیعری پاراوی
ساتێکی پڕ مەترسیە
من نازانم...
بەم شێتیە ئاسودەبم،
یان بەخەیاڵی ماچێکی
لێوەکانت؟
من نازانم...
لەترسو گوماندا بژیم،
یان شەلاڵ بم لەتامو بۆی
ماچەکانت؟

## پشکۆی ماچ

هەر جارێ...
کەلێوم بەر لێوت
دەکەوێ
هەستەکەم...
پشکۆیەك لەدڵی دەریادا
دەخەوێ
هەر ڕۆژێ...
کەماچی تۆ نەکەم
نەخۆشم
هەر جارێ...
ماچت کەم مەیزەدەو
سەرخۆشم.





## نەباتی ماچ

لێوی تۆ...
دوو پورەی هەنگو،
لێوی منیش نێوانی دوو
تاشە بەردی سەخت و عاسێ
ماچی...
لێوە نەباتیەکانی تۆ نەبێ
کێ دوو لێوی وشكو نامۆی
شاعیرێکی شێت دەناسێ؟
گیانە کاتێ...
هەلالەی ڕۆحم هەڵدەمژێ
ئاگاداربە چزوی ماچت
لەلێوەکانم هەڵنەچێ
نەبا وەك...
خاتوونە هەنگێ بەم بەهارە،
لەسەر تاشە بەردی لێوم
منالانە گیانت دەرچێ.

# ڕۆژانەی ماچ

ڕۆژانێك...
بێ ماچ و بێ ئەوین،
بێ مانا.. ژیانم گوزەراند
هەتاکو...
لەلێوی شۆخێکی نازداردا
نەمامی ماچێکی تەڕم چاند
ئەمێستا...
پەپوولەی لێوی من،
بۆ باخی لێوی تۆ...
هەڵدەفڕێ
ئەمێستا...
ئەو باخی لێوانەت
هەناری مێ خۆشی
ماچ دەگرێ.





# ئەفسانەی ماچ

ماچەکانت...
ئەفسانەی تامی سێوێك بوون،
لەبەهەشتەوە هاتبوون
لێوەکانم...
بەتامی ئەو ماچە سێوانەی
لێوی تۆ ڕاهاتبوون
بەلاَم ئێستا...
نە ماچ هەیەو.. نەسێویش
ئەو تامەی ماوە
ئەگەر چی...
سێوی بەهەشتە تامی بکەم،
نابێ بەدێڕێ هۆنراوە.

# فێرگەی ماچ

تۆ...
هەمیشە وات فێرکردوم،
کە پێت دەگەم .
بەژمارەی...
هەموو رۆژو شەوەکانی
بێ ماچیمان ماچت بکەم
بەلام...
ئە مجارە کەهاتم، پورە هەنگی
ماچەکانت، بەتاسەوە دەوریان نەدام
نەك ئەوندە...
هەنگی ماچێکی سەرە رۆش
تەنها جارێك پێوەی نەدام!





# دیداری ماچ

کەدێی بۆلام...
دەزانم چەند حەزو تاسەی
ماچی منت لەلێوتدا راگرتووە
دەزانم چەند...
وردە ماسیو ڕەوە ماچت..
بۆ دەریاچەی لێوەکانم هەلگرتووە
دەزانم...
لێوەکانی تۆش چەند تامەزرۆن
بۆ مژینی ئەو لێوانەی هەمیشە
چاوەڕوانتن
بۆ ئاوێزانی...
ئەو لێوە پڕماچانەی
هەر کەچاوت دەچێتە خەو
میوانی خەونەکانتن.

# حەزی ماچ

لەگەرمەی تۆڕە بوونیشدا
هەر ناتوانی حەزی لێوت
لەماچەکانم وەشاری
کەروو باری لێوەکانم
دێراوی لێوت ئاو دەدەن
دەڵێی تینوێتی بەیاری
تۆ بیتو خوا...
کەهێندە تامەزرۆی ماچی
لێوی منی
بۆ هەندێ جار...
بەوشەی ڕەق دەڵێی
تفەنگی دوژمنی؟!





# گەڵای ماچ

کەبەهەشت...
بەهەنگوین ماچی خۆی
بۆ ئادەم دەنێرێ
کەئاگر...
بەسووتان گیانی خۆی
بەدۆزەخ دەسپێرێ
منو تۆش
ماچ نەبێ چی دیکە شك دەبەین
بۆ ئەوین؟
با گەڵای...
لێویشمان نەدەینە دەم وەرزی
پایزو هەڵوەرین.

# خاچ ماچ

**وەکو مەسیح...**
**بەخاچی لێوەکانتدا هەڵم واسە،**
**هەتاکو گیانم دەر دەچێ**
**وەکو حەلاج...**
**لێوم ببڕە.. نەبا ماچم پێ بگرێتو**
**بەرەو لێوێکی تر بچێ**
**هەر...**
**ئەو ساتانەم پیرۆزن،**
**کەبەخاچی لێوی تۆوە**
**مەرگیش بەماچێك دەبینم**
**هەر...**
**ئەو مەرگەم لاشیرینە،**
**حەلاج ئاسا لەباوەشی ماچێکتدا**
**خەونی ئازادی دەبینم.**





# زمانی ماچ

**کەدەتبینم...**
**هەموو گیانم زمان دەگرێو**
**داوای ماچی لێوت دەکەن**
**پەنجەکانم...**
**دەڵێی سمۆرەی لاسارن،**
**لەدار گوێزی قژی خاوتا خۆ**
**ون دەکەن**
**تۆ بیتو خوا...**
**بتبینمو ماچت نەکەم**
**هەور داناکاتە باران**
**جەستەم دەبێت...**
**بەبتێکی بێ گۆشتو خوێن،**
**رۆحیشم خۆڵی..**
**ئاگردان.**

# وتەی ماچ

تۆ پێم دەڵێی...
- من بەو ماچانەوە دەژیم،
کە لێوی تۆ بە لێوی منی
دەبەخشن
من پێت دەڵێم...
- لێوەکانم گوناهبارن،
بە لێوەکانی خۆت بڵێ بابە ماچێ
بمان بەخشن
تۆ پێم دەڵێی...
- گوناهەکانی لێوی تۆ
لەناو دەریای ماچی مندا
لەتوخمی ئاو بێگەرد ترن
من پێت دەڵێم...
- ئەو لێوانەم گوناهبارن،
قەرزاری لێوەکانی تۆن
لەئێستاوە هەتا دەمرن.





# چاوەڕوانی ماچ

هەتا...
ئەم شەوم لێدەڕوا،
چاوەڕوانی دەبێتە شارە مێروولەو
خەرمانی ئەندێشەم دەخوا
چی لەشەوکەم..؟
ئەترسم بەر لەوەی لێوم
بەر لێوەکانی تۆ کەوێ
نەلەچاوما...
خەو بینین‌و.. نەڕۆژیش
بەرچاوم کەوێ
گیانە گوناهی من چیە؟
تێنا پەڕێ ئەم شەویش
وەك هەموو شەوێ
بەلێوی ئەستێرەکاندا بۆم مەنێرە،
ماچ بەلێوی ئەستێرەوە
هەڵدەوەرێت‌و دەکەوێ.

# هەوری ماچ

*کاتێ هەوری ماچەکانم...*
بەسەر کێڵگەی وشك و تینوی
لێوەکانتا بەخوڕ دەگری
شەرم بەروتەوە دیارەو...
هەردوو دەستت بەچاوەکانتەوە دەگری
کاتێ شانەی لێوەکانم...
پڕ دەبێت لە شیلەی ماچی ئاگر گرتوو،
نازانم هەڵاڵەی گوڵی لێوەکانتە
یان سێرە لە خوێنم دەگری؟
کاتێ وەکو ناڵێکی گریی و لاسار
بووکە شووشەی ئەم دنیایەت بۆ دەهێنن،
تۆ لە گریان نابیتەوە..
چونکە ورك لە ماچەکانی من دەگری
کاتی هەوری لێوەکانم...
ڕێژنەی ماچت بۆ دادەکەن،
تۆ لەجیاتی ژێر بوونەوە
ئەوەندەی تر ئاگر دەگری.





# ئاوێنەی ماچ

هەرچەند...
لەبەر ئاوێنەدا،
سەیری لێوەکانم دەکەم
هەر بەتەنیا...
چاپی کاڵی ماچەکانت
بەدی دەکەم
لەگشت کاتێکی ژینمدا...
لە ئاگایی و لەمەستی و خەو بینینمدا،
کە سەیری ئاوێنە دەکەم
ماچەکانت...
بێ شەرمانە پێدەکەنن
بە وێنەکەم.

# بەرسیلەی ماچ

هاتووم بەرسیلەی
ماچێکی لێوت بمژم،
نەبا لەوەرزی ترێدا...
پێ ڕانەگەین قومێ شەرابی
لێو نۆش کەین
هاتووم لەناو...
پێ خەفی نەرمی لێوتدا..
سەرخەوی ماچێ بشکێنم،
بەڵکو لەڕامووسانێکا
پرچی ئەم وەرزە بۆن خۆش
کەین.





# شەپۆلی ماچ

لێوەکانت...
دەڵێی دەریان،
دا یمە تەڕن شە پۆلی
ماچیان لێنابڕێ
لێوی منیش...
مەلەوانێکی ناشیە،
لەبەر دەمی ئەو شە پۆلە شێتانەدا
خۆی ڕاناگرێ
نا.. نا.. لێوم..
دەڵێی کابتنی
سەر کەشتی ماچەکانە،
ئالآی سپی بۆ شە پۆلەکان
هەڵنابڕێ.

# بزەی ماچ

ئاخ چەندە...
ماچی تۆم پێ خۆشە،
تینوێتیم دەشکێنێ..
لەو پەڕی مەستیمدا
هەرجارێ کەلێوم بەر لێوت
دەکەوێ
هەروەکو...
بە پەتی سێدارەی
مەرگدا هەڵواسرێم،
هەناسەم توند دەبێو
دڵیشم لەلێدان دەکەوێ
ئەو شوێنەی
کەماچت لێدامێ،
سبەینێ بمەوێو نەمەوێ
هەنگاوم سەربەخۆ دەمهێنێ
بۆ ئەوێ.





# کلیلی ماچ

گوڵم بۆ هێندە ئاڵۆزی؟
ئێستاش نازانم ئەفسانەی
ماچەکانت لە چیدایە؟
ئەگەر...
رۆژێ ماچت نەکەم،
بەڕووی مندا کلیل دەدرێ
دەرگای ماچی ئەم دنیایە
چەند...
لێوی تر دێنە پێشێ
ماچیان بکەم..،
بەڵام حەزی لێوەکانم
هەر لەشیلەی لێوتدایە.

## خوێنو ماچ

بەقەڵەم لێوی خوێن...
لەسەر ڕووی ئاوێنەی ژوورەکەت بنووسە،
تەمەنی ماچیشمان چەند..
کورت بوو؟
هەروەکو...
تەمەنی پە پوولەی یەك ڕۆژە،
بە یانی گوڵێك بوو بەهاوڕێی
ئێوارە وەکو خۆر بەبێ دەنگ ئاوابوو.





## چیای ماچ

گوڵەکەم...
گەر ماچ نەبوایە،
ڕەنگە لێوەکانی منیش
وەکو تاشە بەردی چیا
ڕەق بوونایە
بەڵام ئێستا...
خوا ئەو جووتە لێوانەی تۆی
بەدیاری بۆ من هێناوە
بۆیە منیش...
لێوێکم دەڵێی پەشمەکەو
لێوێکم دەڵێی توێی ئاوە.

# نازی ماچ

**بەلێوی...**
**عەیارت بلێ،**
**مەکرو نازم پێ نەفرۆشێ**
**لەدوای...**
**هەموو ماچێکەوە،**
**مەیکەدەم وەکو سەرخۆشێ**
**ئەو لێوانەت...**
**هێندە سیحرین، کاتێ بەر لێوم**
**دەکەون**
**لێوەکانم...**
**هەرئەوەندەیان لەدەست دێ**
**لەبەر لێوتدا بکەون.**





# ماچو پیری

**ئاخ گوڵەکەم...**
**خەم بۆ ئەو رۆژانە دەخۆم،**
**کەتۆم تیا ماچ نەکردووە**
**وا هەستەکەم...**
**ئەو رۆژانەم بێ مانا بوون،**
**هەر خۆمم تیا پیر کردووە**
**بڕوا بکە...**
**هەموو جارێ ماچێکی تۆ..**
**ئازارەکانی دڵیشم لەبن دێنێ**
**کەدڵنیام...**
**هەر لێوێکم لەنەخشەی هەست یاخی دەبێ**
**گەر واز لەو ماچانە بێنێ.**

# قەرزی ماچ

**ماوەیەکە...**
**بێ ویستی خۆم، لەتۆ دوورم**
**کەنەت دیوم**
**نازانم...**
**چەند قەرزی ماچت لەدەفتەرا**
**بۆ نووسیوم؟**
**ئەگەر بێتو...**
**قەرزەکانی جارانیشم..**
**لێ بستێنی**
**ئەبێت...**
**نۆ بەرەی ئەوینت..،**
**لەسەر لێوی من بنوێنی**
**کچێ بەخوا...**
**من نازانم چەند رۆژە**
**ماچم نەکردووی؟**
**ئەوەندەم...**
**هەواڵ زانیوە، حەزی لێوم**
**شێتی کردووی.**





# ئاخ ماچ

**ئاخ...**
**چەند بیری جێگە ژوانی**
**نیوە ئاشتی و نیوە شەڕەکانت**
**دەکەم**
**چەندە بیری...**
**نەرمە پیاسەی ئێواران و**
**تەزوی گەرمی ماچە**
**تەڕەکانت دەکەم**
**باوەڕت بێ...**
**لەوەتای ماچەکانی تۆم لێ بڕاوە،**
**وا هەستەکەم، شیعرەکانم کاڵ**
**بوونەوە**
**بێ ماچی تۆ...**
**لێوەکانم دەڵێی درەختی شەق بردوون**
**لەچیاوە بەر بوونەوە.**

# بەرواری ماچ

لەوەتای ماچم نەکردوی...
نە سەیری رۆژمێر دەکەم
نە کاتژمێر لەدەست دەکەم
نە دەپرسم چەند شەممەیەو...
نەچەکمەجەی دۆلآبەکەم دەکەمەوە
نە سەیری ئاوێنە دەکەم
کەس نازانێ...
نهێنی هەموو ئەمانە،
لەچی دایە
کەس نازانێ...
لەئاوێنەو، لەبەر وارو، لێوی مندا
تامی ماچی تۆی تێدایە.





# بێشکەی ماچ

ماچەکانت...
وەکو بێشکە رام دەژێنن،
وەکو نۆبەی زەمین لەرزە
دەم هەژێنن
وەکو...
شەختەو زریانو.. با
دەم تەزێنن
ماچەکانت...
ئاخ گوڵەکەم...ماچەکانت،
دەمکوژنو.. رۆح لەجەستەم
دەر ناهێنن.

# خولیای ماچ

چەند خولیای...
نیگای چاوەکانت بووم
چەند تینوی...
ماچی لێوەکانت بووم
دە ترسام بمرم...
دوا ماچت نەکەم
ئێستا...
دڵشادم ئاوێزانت بووم
چون تاسەی...
دووریوماچت شکاندم
وەك ...
منالی ناو دەستەکانت بووم.





# سوراوی ماچ

تەنانەت...
ئاوێنە کەشمان،
نهێنی ماچەکانمانی
پێ زانیوە
چونکە...
هەزار جار سوراوی
لێوەکانتی بەسەر لێومەوە
بینیوە
خۆشی...
لەخۆمان گوڵەکەم،
ئاوێنە زمانی نەبوو
ئەگەر...
زمانی هەبوایە،
کێ دەڵێ لەوماچانەمان
بێ دەنگ دەبوو؟

# دەرگای ماچ

کەلێو...
دەنێیتە سەر لێوم،
خۆشم لەبیر دەچێتەوە
بەچرکەیەك...
دەرگای هەزار ماچی داخراو
دەکرێتەوە
هەنگی لێوم...
تێر لەشیلەی لێوت ..
دەمژێو
بەهەنگوینی...
ئەو ماچانە، تەمەنم..
نوێ دەبێتەوە.





# نەزیفی ماچ

هەرچی جاری...
کەدێی بۆلام، نەزیفی ماچمان
بەر دەبێ
لێوت...
دەبێت بەئاگرو، لەخەرمانی لێوەکانی
من بەر دەبێ
وەلێ چی بکەین..
کات لەوێدا باڵ دەگرێتو
حەزی ماچ کۆتایی نایە
دوای هەزار جار...
ئاوێزانو لێو کرۆشتن، هێشتا دەڵێی
یەکەم ماچەو سەرەتایە.

# مەملەکەتی ماچ

وەکو تلیاک...
مودمینی ماچەکانت بووم،
بۆیە ناتوانم ولاّتی لێوەکانت
بەجێ بێلّێم
کاتێ دەڕۆی...
لێوی تەنیایم دەگەزم،
هەتاکو دەگەڕێیتەوە
ساتەکانت بۆ دەژمێرم
لەنهێنی...
ئەو دوو لێوانەت تێناگەم،
نازانم چ ئەفسانەیەك لەناو
ماچەکانتدایە؟!
ئەو رۆژانەی...
کەتیایدا ماچم نەکردویت،
واهەستە کەم گۆڕستانی مێژوی
تەمە نمی تێدایە.





# کڵپەی ماچ

کەدەتبینم...
گڕو کڵپەم بەماچ نەبێ،
بەتەوقەیەك دانامرکێ
دەزانێ.. تفەنگی لێوم لەسەر پێ یە
بەلاّم لەناو ئەو خەڵکەدا..
بۆم ناچر کێی
هێندە...
حەزی ماچێکی تەڕ...،
لەسەر لێوم کۆ بۆتەوە
ناوی...
شیعرەکانی خۆمو..
وەرزەکانم بیرچۆتەوە.

# ژیانو ماچ

گەر...
سامانی دنیات هەبێ،
حەزی من هەر لەماچێکی
لێوتدایە
گیانە...
من پارەم بۆ چییە..؟
کەژیان خۆی لە ئارەزووی
ماچێکدایە
هەتا...
ماچی لێو وەستابێ،
پاکژ لەسامان چی یەتی؟
هەر کەس...
بۆ ئەوە دەگەڕێ،
هەیە، بەڵام ئەو نیەتی.





# شەرمو ماچ

با...
ماچێکت بکەم گیانە،
لەو دوو لێوە پڕشەرمانەت
بەڵکو...
خامۆش بێ ئاگری..
ئەو دوو چاوە پڕ گومانەت
ماچێك گیانە...
کۆتایی بەجەنگی ساردی
نیگاو شەرمو تر س دێنێ
ماچێك گیانە...
دیواری بەرلینی گومان،
لەبەردەمیا هەرەس دێنێ.

# کەوسەری ماچ

وا هەستەکەم...
ئەگەر ڕۆژێ تێپەڕێت و
نەتبینم و ماچت نەکەم،
کەئێواران دەڕۆمەوە...
لەناسینەوەی ژمارەی
دەرگاکەشمان هەڵە دەکەم
بۆیە ئەگەر...
دەتەوێ وەکو ئێواران
دوای راموسان، بەوشیاری
بڕۆمەوە
ڕێگەم بدە...
هەموو ڕۆژێ لەحەوزی
کەوسەری لێوت پیاڵەیەك
ماچ بخۆمەوە.





# سواڵی ماچ

ئەگەر...
سواڵم بکردایە،
پارەم لەدەستەکانی تۆ
وەرنەدەگرت
هەزار کەڕەت...
لەچاوت دەپاڕامەوە،
تاماچێکی لێوم دەکرد
ئیتر...
هەتا دەهاتیەوە،
هەر ئەو ماچە دەیژیاندم
ئەگەر ڕۆژێ...
خێری لێوت نەکردایە،
برسێتی ماچ دەی گریاندم.

# توێی ماچ

هەر...
ڕۆژێ کەتۆ ماچ دەکەم،
لەنووسین و گفتو گۆدا
زمانم دەڵێی توێی ئاوە
لەفەلسەفەی
ماچ نوسیندا.. فەیلەسوفم
چونکە تلیاکی لێوی تۆم
لەدەم ناوە
هەر ڕۆژێ...
لەماچەکانت بێ بەشم کەیت،
بەناچاری تاڵی دەکەم
بەهۆنراوە
چونکە...
دەزانم هەرچێکی کەدەی نووسم
لەبەر دەمی ماچێکتدا ڕستەیەکی
ناتەواوە.





# سێوی ماچ

ئەم ماچەیان...
لەهیچ ماچێکی تر ناچێ
باوەڕناکەم...
هەتا مردن، لەسێوی دڵم
دەرناچێ
ئاخر چی بکەم...؟
بێ ماچی تۆ شیعرەکانم
بێ هەوێنن
ئەڵێی...
دیلی ناو زیندانم، لێوەکانت
کەدێنن ئازادیم بۆ دێنن.

# ڕقی ماچ

هەرچی دەکەی...
هەرچەند خۆتم لێ توڕەکەی
ئەگەر ڕۆژێك تا ئێوارە..
بێیت و بچیت،
سڵاویکیشم لێ نەکەی
بەرلەوەی...
لێك جیابینەوە،
هەرکە دەرفەتێك هەڵکەوت
دێیت و خێرا ماچێکی ناو..
دەمم دەکەی.





# خەونە ماچ

شەوێك نیه...
نەیەیتە ناو دواساتی
خەونەکانمەوە
ڕۆژێك نیه...
لێوەکانت نەکەونە ناو
تەڵەی دوو لێوەکانمەوە
هەموو ڕۆژێ..
هەموو شەوێ..
تۆ هەر جوان و منیش لەرێی
مانگ و خۆرا
هێندە...
لێوەکانمان بەسەر..
لێوی یەکدا دەتوێنەوە،
هاکا ڕۆژێ لێوەکانیشمان لێگۆڕا.

# شەختەی ماچ

لەماچێکدا...
شەختەی لێوم..
کەبەلێوی نەرمت دەگات
وا دەزانم...
ژیان لەگەڵ ئەو ماچەدا
دەست پێ دەکات
وەرە گوڵم، بۆ یادگاری
با دنیایەك ماچ تۆمارکەین
مەرگ...
میوانی ناوەختە،
بۆ چاوەڕوانی رۆژگارکەین؟





# دەڵێم ماچ

من...
داوای ماچت لێدەکەم،
تۆ پێم دەڵێی..
- باسوراوەکەم تێك نەچێ
ئەگەر...
بێ ماچ بڕۆمەوە،
هەتا مردن، رەنگە
لەدڵم دەرنەچێ
من پێت دەڵێم...
- با ماچێکی گەردنت کەم،
نەبا بڕۆم بەم زوانە..
نەت بینمەوە
نەبا دووریی‌و...
حەزی ماچێك..،
مەرگ بنێن بەژینمەوە.

# ماچو پێکەنین

هەر کەدێی...
بێ ئەوەی هیچ بڵێی،
دەزانم بەبێ دەنگ
چیت دەوێ
دەچیتە...
ئەو دیوی دەرگاکەو..
پێم دەڵێی.. دەی ماچی
کوێت دەوێ؟
منیش هەر...
ماچێکی لێوتم مەبەستەو..
دەستێکیش بگێڕم بەباخی سینەداو
دوو وتەو یەك قاقای پێکەنین
ئەی...
بۆ خۆت پێم ناڵێی..
- درەنگە ماچمکە..؟
نەبادا کەسێ بێ لەماچو
دەست بازی تێر نەبین؟





# لیمۆکانی ماچ

وەکو منالی شێتۆکە...
بەدیواری لێوەکانتا..
هەڵدەزنێم
لیمۆکانت...
هێشتا کاڵن نایانڕنم،
بۆخۆت دەزانی
بۆچی دێم
ئاشق نەبێ...
کێ دەتوانێ شەڕ
لەمەرگ بباتەوە؟
پەلی سەرت دانەوێنە...
بەرسیلەی ترشی ماچێکت
مردنم بیر دەباتەوە.

# زمانی ماچ

بۆ گوڵەکەم...
لەهەنگوینی لێوەکانت
بێ بەشبم من..؟
کەماچێکت ژیان و
مردنیش دێنێ
وا هەستەکەم...
زمانی من کۆرپەیەکەو..
دوو لێوی تۆش وەکو بێشکە،
منداڵی گریاوی ماچم رادەژێنێ
دە وەرە...
ماچێکم بەرێ..،
با هەڵقرچان بەری درەختی
ماچ کردن نەوەرێنێ
دەرگا لەرووی...
لێوەکانم کلیل مەدە،
نەبا خودا لەسزای ئەو دڵە ڕەقەت
لە دۆزەخدا بت سوتێنێ.





# ڕووباری ماچ

من...
لەم بەری روو بارەکەم،
تۆش لەو بەری..
ئاخ نامگەیتێ
من...
بەئاوی ئەم روو بارە..،
ئەفسانەی تینوێتیم ناشکێ
ئەگەر تۆ ماچێکم بەیتێ!
سا تۆ بیتو...
پاڕانەوەی ئەم نەوڕەسە
چاوەڕوانە!
با ماچێکی لێوت بکەم...
خۆ لافاوی نوح هەڵناستێ
لەم شاعیرە سەر گەردانە.

# باجی ماچ

من حەز دەکەم...
ئەم شەو هەزار جار
ماچت کەم
وەکو...
قاچاخێکی گیراو
سەد جار، بەجارێ
باجت کەم
تا بەیانی...
بەدیارتەوە دابنیشم،
ماچت بکەم و نەخەوم
چونکە...
دەزانم رۆژێ دێ
پیر دەبم و لەماچ کردنیش
دەکەوم.





# ئامێزی ماچ

وا...
هەفتەیەکە تەنیام و
لەماچەکانیش بێ بەشم
چەند غەرییم...؟
من نازانم وێڵی کام..
رۆژگاری رەشم ؟
وەرە...
با تاسەم لەماچت بشکێنم و
تێر تێر بتگرمە..
باوەشم.

# ڕێگەی ماچ

کەمن موحتاجی ماچێکم
لە بەرچی ڕێ بەلێو
نادەی؟
کەتۆ مندالّی سەر شێتی
عەجەب ئەمرۆ جنێو
نادەی؟
نەهێڵی لێوم بەر لێوت
کەوێ، چۆن شیرین بێ
لێوم؟
نەهێڵی دەستم بەر سینەت
کەوێ، چۆن شێتو..
بزێوم؟





# گرەوی ماچ

من...
کەلەخۆشم تۆراوم
تۆ چۆن ئاشتم دەکەیتەوە؟
من...
کەهەمیشە گریاوم
تۆ چۆن ژیرم دەکەیتەوە؟
تۆ...
لەو پەڕی وشیاریدا
گرەوم لێدەبەیتەوە !
کەدێی...
ماچێکم دەکەیتو..
بۆ ژیانم.. دەبەیتەوە.

## سەختی ماچ

چەند سەختە...
ڕۆیشتیتو ماچێکم نەکردی؟
یادگارە جوانەکان...
زریانی کۆچ بردی
چەند جوان بووی...
لەکۆشکی ئەوینی خەیاڵا؟
چەند دوور بووی...
لە پێکی مەستانەی خەیاڵا؟
ڕۆشتیتو...
لەدوای تۆ، کێ دڵی تەنیایم
باتەوە
من لەکێ زویربم...؟
ئەو بەماچ بێ..
ئاشتم کاتەوە.





## ماچێکی تاڵ

ماچێکی تاڵم کرد...!
ماچێکی ساردم کرد لەلێوی
ئەو لێوی نەکردم...
بەتامی شەکەری سەر لێوی
هەستمکرد...
ماچ نیە، تاوانم کردووە
هەستمکرد...
من دەمم بۆ زستان بردوە
چەند تاڵ بوو...
وەکو لێو گەزینی دوای تاوان؟
چەند سارد بوو...
وەك لێوی تەزیوی ناو زریان؟
ماچ نەبوو.. تاوان بوو
ماچ نەبوو.. زریان بوو.

# فیردەوسی ماچ

**با بچین بۆ ئەشق...**
**با بچین بۆیاری**
**بابچین...**
**بۆ کەنار رووبارێك، ئەوین و**
**جیٚ ژوانی دڵداری**
**با بچین بۆ فیردەوس...**
**بەهەشتی پێکەنین**
**با بچین دەست بکەین...**
**بەسێوی ماچ ڕنین**
**دەزانم.. هەردووکمان**
**لەبەهەشت دەردەکەن**
**نازانن ماچەکان...**
**بەدنیا وەردەکەن.**





# گێڕانەوەی ماچ

***بڕیارمدا...***
**ئەمشەو هەموو ماچەکانت**
**کۆکەمەوە**
**بۆ ئەوەی...**
**گەر بەجێت هێشتم،**
**هەموویانت بدەمەوە**
**چونکە...**
**دەزانم لەمەو دوا...،**
**ئیتر ماچت ناکەمەوە**
**بۆ ئەوەی...**
**ماچت لام نەبێت**
**کەبیری لیٚ بکەمەوە.**

# بەیاری ماچ

هەر کەسێ ماچت کات
پێویستە بزانێ..،
لێوی تۆ بەیار بوو، من کردم
بەباخی شەکرە سێو
هەر کەسێ...
لێو بنێ بەجامی کەوسەری
لێوتەوە
پێویستە بزانێ...
جێ ماچی ڕابردووی
من دەکێڵێ بەلێو.



محەمەد پاکژ ماچ لە دەمی کەناریيەکاندا ماچ

# دەفتەری ماچ

هەموو شەوێ...
بەر لەخەوتن، بێ ئاگای خۆم،
دەبینم پێنوسەکەمو دەفتەرێکم
لەدەستدایە
هەر کەشیعر...
دەیەوێت داگیرم بکات،
ماچەکانت لەسەر لێوی
یەکەم فیشەکی جەنگدایە.

# هەناسەی ماچ

لێت تورە بووم...
ئیتر نایەم، ماچت ناکەم
ئیتر نایەم...
دەم بۆ سێوەکانت نابەم
نەبا هەناسەم بۆن بگرێ
ئیتر...
تەوقەت لەگەڵ ناکەم
نەبا دەستم هۆگرت بێ
نایەم...
تەماشای تۆ ناکەم،
نەبا چاوم رەنگت بگرێ
ئیتر نایەم...
بەیەکجاری لەبیر خۆمت
دەبەمەوە
ئەگەر وەرزێك...
لەبەر ماڵەکەم راوەستی
دەرگات لە روو ناکەمەوە.





# لێوەکانی ماچ

لێوەکانت...
تەڕو بڕن وەکو باران
لێوەکانم...
خاکی دێمن وەکو جاران
ماچەکانت...
ئارامی دەدەن بەلێوی
پڕ لەتاسەم
ماچەکانم...
پێشکەشت بێت هەتاکو..
دواین هەناسەم.

## نامۆیی ماچ

بۆ کوێ بچم...
هێندەی غەریبی
خۆم نامۆم
لەناو لێوی...
کچانی زەوی و ئاسماندا
ئۆگری ماچەکانی تۆم
نازانم تۆش...
هەروا تامت لەماچەکانی
من دیوە؟
یان ئێستاکە...
حەزی ماچت بۆ لێوێکی
تر گۆڕیوە؟!





## پەپوولەی ماچ

وەك پەپوولە...
ئەگەر تەنها رۆژێك بژیم،
هێندەم بەسە دەم دەنێمە
ناو گوڵی لێوەکانتەوە
کەدڵشادم...
مردنم بێ مانا نابێت..،
چونکە ناوم دەچێتەناو
دەفتەری ماچەکانتەوە.

# نۆ بەرەی ماچ

**من ئێستا...**
**لەبەردەم ئاوێنەی پیریدا،**
**تەماشای یادگاری ساڵانی**
**زوو دەکەم**
**تۆ هێشتا...**
**نۆ بەرەی سێوێکی بەهەشتی..**
**بۆ لێوت دەبەخشی بەلێوی کەنەفتم**
**دیدەکەم؟**
**دەزانم...**
**تۆ سەرت هیلاکی ئامێزو**
**خەوتنی سەر سنگی**
**پیریمە**
**بەڵام من...**
**کەلێوم ناچێتە ماچێکت**
**بزانە حیکمەتی ویژدانو**
**ژیریمە.**





# هەشت ماچ

**ئەمڕۆ...**
**هەشت ماچم لێت دەوێ**
**ئەمڕۆ دەبێت...**
**هەشت جار لێوم..،**
**بەر هەنگوینی ماچت کەوێ**
**ئەمڕۆدە بێت...**
**لێوە کانت هەشت جار بمژم**
**وەك مەساسە**
**گیانە...**
**دەڵێی نەتزانیوە..،**
**ئەمڕۆ یادی ( ٨ )ی مارسە؟!**

## جەنگی ماچ

نەجەردەمو نەرێگرم،
نەسەر بازێکی شەڕانی
پێش بەرەی جەنگ
نە خە نجەری...
دەم ژەهراویم..،
نەلولەی پڕ مەرگی تفەنگ
نەچاوم...
خوێنی تێزاوە..،
نەژیانیش تیرۆر دەکەم
هاتووم...
ئەگەر نەگۆڕابیت..،
ماچێکی ناو دەمت دەکەم.





## لاپەڕەکانی ماچ

ئەگەر رۆژێ...
لێوم هەڵچەقێ لە پەڕەی
گوڵی لێوت وەك دڕکەزی
ئەگەر شەوێ...
لەناو دەمی ئاسمانەوە..،
گەزۆی ماچێ بۆ لێوەکانم دابەزی
تاوانبارم نەکەی بێژی
- ئەم شاعیرە چەند شێتێکی
ناتەواوە؟! ئەو...
شێتانە گەلێ جوانن
کەماچێکی شیرین دەکەن
بەهۆنراوە.

# شیلەی ماچ

**حەیفە گەر چاوم بەچیمەن**
**بۆ لەژێر پێت ڕانەخەم؟**
**تۆ دەمت شیلەی گوڵان و..**
**منیش تینوی ماچی دەم**
**هەر کە شوشەی لێوی تینوی**
**من شکا بەو ماچەوە**
**با مەسیح ئاسا مەلی ڕۆح،**
**دەر بچێ بەو خاچەوە.**





# تروسکایی ماچ

**تۆ نازانی لەکەیەوە...**
**لێوی من ڕەق هەڵاتووە؟**
**لەو ڕۆژەوەی کەماچی...**
**تەڕی لێوی تۆی نەکردووە**
**گیانە لەکوێی...**
**گوڵم لەکوێی بۆ نامگەیتێ ؟**
**بەڵێن نەبوو...**
**کەئێوارە هاتم بۆلات ماچم بەیتێ؟**
**من هاتم و هەرچی...**
**تروسکەی هیوایە لەچاوەکانتدا نەبوو**
**من هاتم و ماچەکانم...**
**لەتاریکیدا لێ ون بوو**
**ماچی لێوەکانت نەبێ ...**
**ئەم زستانە ڕەق دەبمەوە**
**وەرەو دواین ماچم بەرێ**
**نەبا ئیتر نەتبینمەوە.**

# گیانی ماچ

لەگەڵ...
وەرینی هەر گەڵایەكدا،
گیانی ماچێكمان خەزان
دەیكێشێ
خەم...
دەڵێی لێوی حەمە عومەرە
تەمی پایزو خەزان..
دەكێشێ
لەنێوان...
ماچو.. لێوی منو تۆ..،
ئافاتێك هەیە پێی دەڵێن
خەزان
خۆزگە...
لەگەڵای لێوی هەڵوەریو..،
پاڵتۆی ماچێكمان دەكرد
بۆ زستان.





# ماچی سەبا

بەدەم...
پیر بوونو هەڵوەرینەوە،
پۆل پۆل گەڵای ماچ..
ڕەشەبا دەییا
گەڵاش...
وەك لێوی منو تۆ ڕۆژێ،
لێوی دەبەخشی بەماچی
سەبا
ئێستاش...
ئەو هەموو ماچوگەڵایە،
لەناو پێدەشتو ئەشكەوتی
شاخا
كەس نیە...
دەمێ.. لەدەمیان باوێ،
قۆڵێ بۆ سەری هیلاكیان
ڕاخا.

# کۆتەڵی ماچ

سەر...
لەئامێزی گەڵای وەریودا،
لێو لەسەر لێوی جگەرەو..
دوو کەڵ
بەفر...
لەتاڵی قژی دەبارێ‌و..
ژیانی بۆتە ئەفسانەی
کۆتەڵ
ئاخۆ...
چۆن ماچی ئەو گەڵایانە،
لێوی دەباتە سەر مەرگی
پایز؟!
ئاخۆ...
چۆن وەکو لێوی ماچ کوژراو
دانیشێ لەسەر تەرمەکەی
ئازیز؟!





# سەوزایی ماچ

لەدوو توێی...
لێوی هەر دێراوێکدا،
هەمیشە ماچی گەڵای وەریوە
ئەو دێراوانەی...
جارێك پێش مەرگ،
ماچێکی گەڵای سەوزیان نەدیوە
هەر بۆیە دەڵێم
– ژەنراڵ پایز..،
لێوی ئامێزی ماچی خەزانە
چونکە...
لە پرسەی هەر گەڵایەکدا،
رۆحی دووکەڵی دەمی بورکانە.

# تەرمی ماچ

لەگەڵ...
کسپەی وەرینی هەر گەڵایەکدا
منیش گەڵای تەرمی ماچێکم
دەوەرێ
رۆحی...
تەڵایی ئەو ماچە کوژراوانە
شەهید ئاسا بەرەو لوتکەی لێوەکانم
دێنە سەرێ
هەر گەڵایەك...
پڕ لەحەزی جوانە مەرگو
پڕلەماچی رەنگ پەمەیی
هەڵوەریوە
کێ...
هێندەی ئەم دوو لێوانە..،
مەرگی ماچو گەڵای جوانەمەرگی
دیوە؟





# گریانی ماچ

گەڵا رێزانیش...
تێکەڵاو بوونی لێوی حەسرەتی
خاكو گەڵایە
ئەو رێژنە ماچەی...
لەئامێزیدا.. مەرگی سەوزایی و
جوانێتی تیایە
بۆ هەر گەڵایەك...
کە هەڵدەوەرێ.. سروشت
گریانی پارشیوانێکە
ماچێك لەنێوان...
خاكو گەڵادا.. هەڵچونی دەریاو
بای زریانێکە.

# وەرزی ماچ

ئەم شەو...
لەوەرزی گەڵاڕێزاندا،
دەمی ماچ دەنێم بەلێوی
باوە
بۆ ئەوی...
هەر چی گەڵایەك وەری
بێتە سەر لێوم هەر
لەحەواوە
نەبادا...
خاکی هیلاکی بەر پێ،
نە پەرژێ ماچی گەڵای
وەریوو کات
گەڵاش...
لەدەمی جوانە مەرگیدا،
شینی درەختی رووتو..
تەزیووکات.





# پایزە ماچ

با...
ماچی گەڵا دەکات بۆ مەرگ ،
پایزیش لێوی نایە..
دەم خەزان
هێند...
تەرمی گەڵا کەوتە سەر زەوی
لێوان لێوی خاك بۆتە..
گۆڕستان
منیش...
هەر بۆیە زۆرت ماچ دەکەم،
دەزانم رۆژێ وەك گەڵای
بێ ناز
جەستەم...
لەنیوان لێوی زەویدا..،
گۆڕهەڵکەن دەیکات
بەڕێو بەدەرباز.

# ماچ پیر نابێ

تەمەن دەڕواو...
لێدانی دڵ لاواز دەبێ و
ئەقڵم مناڵ دەبێتەوە
بەڵام چی بکەم..؟
ماچ پیرنابێ
جەستە خۆی...
جوڵەی لێ دەبڕێو
ڕۆح ئارامی تیانامێنێ
بەڵام چی بکەم...
لێوم دەگریاو ژیرنابێ
دەزانم...
بەر لەوەی بمرم..،
دەبم بەشەهیدی لێوت
ئەگەر...
واش بوو، بەخوێنی من
دیسانەوە سورکە لێوت.





# پێشبینی ماچ

هەتا...
زیاتر ماچت دەکەم،
زیاتر لەلام شیرین تری
لەکاتی...
هەر ماچێکتدا ...،
زەمەن لەجێی خۆی ڕادەگری
بەوەش هێندە...
ئاگر لەناخی دەرو نما دەکەیتەوە
دەڵێی- ڕەنگە ڕۆژێ بمری
من...
لەسەر چرپای لێوتبم
یان تۆ لێوم لە باوەشی ماچت
بگری.

# ئیلهامی ماچ

تۆ...
ئەو ماچانەم لێ مەبڕە،
نەبا سەر چاوەی ئیلهامم
کوێر بێتەوە
خۆ من...
لەگەڵ یەکەم تورکە وەنەوزیشدا،
خەونە بینم بە لێوتەوە
توو...
ئەو لێوە شەرابیانەت...،
با سروشت پڕکەین لەماچی
ئاشقانە
ئێمە دەمرین...
تەنها یادگارێك بۆ مێژوو
دیوانێك و چاپی کاڵی
ماچەکانە.





# مەستیو ماچ

بەر لەوی...
مەست بم و خۆم لەبیر چێتەوە،
دەمەوێت شەرابی ماچێکت
مەستم کات
نەبادا ...
بەمەستی بمرم و لەکاتی تەڵقیندا
خەیاڵی ئەو دەم و لێوانەت
پەستم کات
دەوەرە...
با لێوم بنێمە سەر لێوت،
نەبادا بمرین و بەماچێك
رانەگەین
کێ دەڵێ...
لەو دنیا وەك ئێرە...،
جارێکیش رێکەوتی
یەك دەکەین؟!

# بێستونی ماچ

هاتم...
وە فەرهاد بێسونی سەختی
نەباتی لێوت بەماچ هەڵکۆڵم
هەر...
قوڵینگێکم دەوەشاند زیاتر..
دڵنیا دەبووم من چەند کڵۆڵم!
دەمەویٚ...
لوتکەی کێویٚ بنکۆڵ کەم،
هاکا بەسەرما هەرەسی هێنا
ئەوسا...
نەك لێوم سەرا پا گیانم..،
قوربانی ماچەو سوورە لە خوێنا.





# بەرگی ماچ

ڕۆژێك نییە...
هەزار ئاشق دەم و لێوی
مەعشوقەکەی خۆی ماچ نەکات
شەوێك نییە...
لێوی هەزار بووك و زاوا
لە ماچی کەژاوەی زێڕا بەیەك نەگات
بەلاٚم کامیان...
ماچەکانیان لا پەڕەی مێژوو
ماچ دەکات؟
کامیان وەك ئەم شیعرە ماچە
ئاشقێك لەبەری دەکات؟

# سەرابی ماچ

خۆدەزانم...
سبەینێ ئێمەش پیر دەبین،
ماچەکانمان دەبن بەسەراب و
خەیاڵ،
دەزانم...
مەیگێڕەکانیش..،
فڕێم دەدەن وەك بادێکی بەتاڵ
بەتاڵ
وەرە...
با هەتا پیر دەبین..،
دنیا پڕکەین، لەماچ و ماچ و
ماچ کردن
ئیتر بەماچ...
پێشوازی لە پیری دەکەین،
بەماچێکیش هەنگاو دەنێین
بەرەو مردن.





# خۆری ماچ

ئەی...
خۆت نالێی:
- ئەگەر رۆژێ ماچم نەکەیت
خۆر بەئاسمانەوە نییە؟!
هەر وشەیەك...
لەلێوەکانم هەڵوەرێن،
وڕێنەیەو کەم و زۆر
مانایان نییە؟
پەیامی...
لێوم ماچێکەو..
دەمەوێت لەناو گوڵدانی
لێوەکانتا هەڵیان بگری
گەر...
ماچەکانی من نەبێ،
رەنگە لەنیوە شەوێکدا
بێ دەنگ بمری.

# دڵی ماچ

ئەو ڕۆژانەی...
دەڕۆن و تیا ماچت ناکەم،
هەتا لێدانی دڵیشم وا هەستەکەم
ناتەواوە
دەڵێی...
کۆتایی دونیایە..،
ڕۆژ ئاوا دێتە ڕۆژ هەڵات،
ڕۆژ هەڵاتیش بۆ ڕۆژ ئاوا
خۆزگەم...
بەلێوەکانی خۆت،
کلیلی ئیلهامی منیان
لەماچێکەوە پێچاوە
ئەو ڕۆژەی...
لوتفی ماچێکت نەبێ گیانە،
شك نابەم تەنیا وشەیەك
بیکەم بەلەتێ هۆنراوە.





# مەرگی ماچ

کوژرانی ماچ و گەڵای هەڵوەیو
هەر دوو لەکۆستی لێومان دەکەوێ
من و خاك دەبین بەماتەم گێڕو
ئەستێرەش دێتە پرسەمان شەوێ
لێویشمان وەکو گەڵای پایزان
هەڵوەری و بارەش لەناکاو بردی
نەمزانی یاسای سروشت ئاوایە
وەمزانی خەزان تاوان بوو کردی
ئێستاش بەلێوی خەزانا گەڵای
ماچ و حەسرەتمان تەرمەکەی دیارە
دەڵێی مەسیحە بەدەم خاچەوە
دەڵێی حەلاجە لەبەر سێدارە.

# پایتەختی ماچ

کەلێوی تۆ منداڵێکی گرینۆکن
لێوی منیش بێشکەیەکی بێ ناز کەوتوو
وەرەو لەناو پەڕی نەرمی لێوەکا نما
سۆزی دڵم ڕاتدەژێنێ و خامۆش بنوو
کەلێوی تۆ رووبارێکی پڕشە پۆلن
لێوی منیش بەیارێکی وشك و تینوو
وەرەو بەناو تینوێتیما شۆڕبەرەوە
لەناو پایتەختی ئەوینما بێ دەنگ بنوو
کەلێوی تۆ دارستانی چڕو زەنگن
لێوی منیش کۆترێکی بارەش بردوو
بە پەنابەری ولاتی ماچەکانت وەرم بگرە
هاکا بەدەم قامچی باوە گیانم دەرچوو
کەلێوی تۆ ڕووبارێکی تیژ تێ پەڕو
لێوی منیش وردە ماسی ڕێ ون کردوو
یان ئەوەتا لەشە پۆلێکی توڕەدا بمخنکێنە
یان بم دەرە دەم ماچێکی ئارام گرتوو.





# ئاونگی ماچ

بەهەورێکا هەموو ئەشقم
ناردووە تا بۆت ببارێ
یاخود ببێتە ئاونگی
سەر لێوی گوڵە هەنارێ
بۆم نوسیوە بەڵکو ماچی
لێوەکانی غەریبیت کات
ئەگەر زریان و توشی بوو
لەمن نایات درۆ دەکات
تۆش بەهەورێکی کۆچەرا
وەڵامێکی من بەرەوە
گەر وەڵامیشت پێ نیە
ماچەکانی زووم بەرەوە.

# گەردەلولی ماچ

بەماچی ئەو دوولێوانە
شەراب کوا مەستی تێدایە؟
وەرە ماچت بکەم تاکو
دوو لێوم هەستیان تێدایە
لەمەی لێوت شەرابی ماچ
بنۆشم تامن وشیارم
نەبا هەڵکات گەردەلولی
خەیاڵی شێتی ئاغ یارم
کەتۆ ئەو لێوە ئاڵانەت
بکەن مەستی منی مەستیار
دەی ناگرم رێگەی خەرابات
فریشتەی جوان شۆخی عەیار
شیعرێکی نوێ کەماچی تۆ
هەوێنی وشەو دێڕی بێ
خەم بەلای دڵماندا نایات
دەبێ مەیخانە گۆڕی بێ.





# دەریای ماچ

کەمن بەماچی تۆ بژیم ئیتر
بێ لوتفی مەکە لەڕاستم چی تر
کەماچت دەکەم دەڵێی دەریایەك
ئاو دەڕژێتە سەر دۆزەخێ ئاگر
لێوەکانی من داخن وەك پشکۆ
دەڵێی چلورەی ئاڵن لێوی تۆ
ئەو رۆژەی نەکەم ماچی لێوانت
لەناو دەرونم هەڵدەستێ بۆن سۆ
شەراب ناشکێنێ تینوێتی لێو بۆم
من فێری بادەی لێوەکانی تۆم
ئێستا مودمینی ماچی لێوت بووم
با بەرەو دەرگای مەیخانە نەڕۆم.

# تەزوی ماچ

سەرکردەکان
ڕۆژی چەندین کۆبونەوەی گەورە
دەکەن
بەخەندەیەکی ژەهراوی....
هەڵدەستنە پێ و تەوقەیەکی بێتام
دەکەن
هەزارەمین...
کۆبونەوە تێدە پەڕێ و..
دیسان هەر هیچ بەهیچ
ناکەن
بەلاّم کاتێ...
لێوەکانی من و مەعشوقەکەی دڵم
بەیەك دەگەن
لەماچێکدا...
چارەسەری کێشەی گەورەو بچوکی
جیهانیش دەکەن.





# دەرگای ماچ

ئەم شەو....
هێند تامەزرۆی ماچم،
وەکو بەرد لێوم دەکرۆژم
دەرگای...
ڕووناکی ماچێکت ناکەیتەوە،
بەناچاری شەڕ بەئەستێرە دەفرۆشم
کەحەزی من...
ئەوەیە لەدەمی خەودا..
ماچەکانت بڕژێنە سەر لێوەکانم
خۆ دەزانم تەنیا خەوە...
بەلاّم چیبکەم ؟ خەون و خەیاڵ،
کەبەشێکن لەژیانم..،
هەوێنن بۆ شیعرەکانم.

# مێژووی ماچ

جەلادەکان...
چی دەزانن؟ لەوە زیاتر،
کەئازاری مرۆڤ بدەن؟
پیاو کوژەکان...
مانگو خۆریش بەر
دەسڕێژی تفەنگ دەدەن
بەلاّم کاتێ...
لێوەکانی پەروانەو شەم،
بۆ ڕاموسان بەیەك دەگەن
هەر بەماچێك...
جوانترین سووتانی پیرۆز
لەمێژوودا تۆماردەکەن.





# خەونی ماچ

دەزانم...
تۆش لەمن زیاتر،
تینوی ماچی ئەم دوو لێوە
نەرمانەمی
چاوەڕوانی...
پەنجەم زوڵت بۆ شانەکاو
شەیدای بۆنی ئەم هەناسە
گەرمانەمی
ئەو شەوانەی...
خەو بەماچی لێوەکانمەوە دەبینی
کەبەیانی بەیەك دەگەین لەخۆمەوە
هەست پێدەکەم
لێوەکانم...
هەر ئەو لێوانەن کەشەوێ،
لەئامێزی لێوتدا بوون ئیتربۆچی
ماچت نەکەم؟

## گوڵاوی ماچ

ئەگەربێت و...
بەخت یاربێ و ماچێکت
کەم
ئیرەیی...
بەبای شەماڵ و بارەش
دەبەم
چونکە گوڵی لێوەکانت..
لەسەر لێوم دەپووشکێت و
بەیەك دوو ماچ..
گوڵاو رێژی دونیا دەکەم.





## ماچی تەڕ

کەداوای...
ماچم لێکردی، حەزتدەکرد،
بەلاّم شەرت پێ دەفرۆشتم.
ئەوە نەبوو...
دوای خولەکێ لێوت هێناو،
منیش وەك نەقوڵ کرۆشتم؟

## ماچێك

ئەو...
پێکی شەرابی قەیرەبوو،
ئێواران لەکونجی مەیخانەی پیریدا
دەم نۆشی
هەناسەم...
یەك پارچە گوڵاو بوو،
کەسەرم بەمەستی دەنایە
ناو کۆشی
ساوابووم...
وەك منالْ ئەفسانەی نیگایەك،
بۆ کەنار رووباری ئەوینیْ
بردمی
ڕاوچی یەك...
بەتۆڕی دۆزەخی شەوانە،
لەتۆڵەی ماچێکی غەمگیندا
گرتمی.





## خوێن

لەنگی خوێنەوە...
عاشقی ماچێکی لێوت بووم،
کەڕەنگی لەڕەنگی ئەو دەچوو
لەڕەنگی لێوتەوە...
بەڕەنگی سووری خوێن ئاشق بووم،
کەڕەنگی لە ڕەنگی دوو لێوی تۆ دەچوو
بەخوێنت ئاشق بووم...
وەلێ من نە پیاوی جەلادو..،
نەسوپای شەڕکەری دووژمنم
گەر...
شەوێك لەخەودا بێداربویت
لێوێکت نەمابوو..،
بێگومان دزینی ئەو لێوەش هەرمنم.

# نزا

لەوەتای...
بەماچی دوو لێوت ئاشنا بووم،
شەوو ڕۆژ هەر بیری تۆ دەکەم
ئەترسم...
تەمەنم وەك پایز هەڵوەرێ و..
ڕانەگەم دووبارە ماچێکی تۆ بکەم
نازانم...
ماچی تۆ مردنە یان ژیان؟
نازانم...
ماچی تۆ خنکانە یان سووتان؟
ئەوەندە دەزانم...
ماچێکت مردن و ژیانیش دەهێنێ
ئەو خوایە...
ماچی تۆ لەلێوی خەمبارم نەستێنێ.





# تانە

ئاخ لەسەرگەرمی مەستی دوای ماچێ
نازانم بۆچی گیانم دەرناچێ؟
نازانم بۆچی لێوت وەك نەشتەر
بە پەڕەی نەرمی دڵما ڕۆناچێ؟
کەماچت دەکەم وەك بروسکەی ژان
وەك پەڕەسێلکەی بەر شەستەی باران
لێوم دەلەرزێ و لێدانی دڵ چوون
لەگیانەڵادا سستە دڵ لێدان
ئاخر گوڵەکەم ئەم ماچانەی تۆ
شەختەی سەهۆڵن یان ژیلەی پشکۆ؟
هەر واکە لێوم گەشتە سەرلێوت
هەر ڕۆح دەمێنێ بڵێم ها بیخۆ
خۆزگە دەمزانی سیحری ماچ و لێو
ئەفسانەی مێژوون یان ڕۆحی بزێو؟
ئەوسا بۆ ماچێ گیانم دەبەخشی و
گوێم نەدەدایە تانەی پڕجنێو.

# شەرم و ماچ

هەر تەنیا...
شەرمی تۆم پێ جوانە،
کەچاوت دەنێییتە سەر یەك و
لێویشت دەنێییتە سەر لێوم
هەر وەکو...
ماچ باڵم پێ بگرێت،
ئاسمانی ئەو دەم و لێوانەت
لەمەودای ماچێکدا دەپێوم
دەمزانی...
دڵی تۆش ئاشقەو
لێویشت تامەزرۆی
ماچ کردن
نەمزانی...
بەو ماچە تۆش وەك من،
سەد خۆزگە دەخوازی بەمردن.





# ماچ و گومان

بەلێوت...
پەیمانەی ماچێکم بۆ دێنی،
بەچاوت گومانی تاوانم
لێدەکەی
کەچی شەو...
دەچیتە بەر دەمی ئاوێنەو
سەد ماچی جێ لێوی
من دەکەیت
دەمزانی...
وەکو من خەو نایا بەچاوتاو
ئەم شەوت بەساڵێك
لێدەڕوا
نەبادا...
لەخەودا بێ ئاگا..،
شەوە بێ، هەنگوینی ماچەکەی
من بخوا.

# تۆڵە

**من هاتم...**
**پێت بڵێم.. بمبوورە،**
**کەدوێنێ نەمتوانی**
**بۆت بێمە جێژوان و**
**ماچت کەم**
**تۆ خێرا...**
**دوو پەنجەی ناسکت**
**دەنێیتە سەر لێوم،**
**لەتۆڵەی ماچێکدا دەتەوێ**
**ماچت کەم**





# نێوان

**لەنێوانی...**
**لێوەکانی من و تۆدا..**
**هەناسە هەیەو نیگایەك،**
**لەبار دڵم هێشتا دووری**
**چاوەکا نمان...**
**لەسەر یەك نێین..**
**هەناسەمان تێکەڵاوکەین،**
**ماچێ بکەین بۆ سەبوری.**

# پشکۆی ماچ

گەر وەکو پشکۆ گڕت بەر دایە
خەرمانی وشکی ئەم دوو لێوانەم
نزای بارن و دەستی سۆز ناکەم
نەبا دامرکێ ئەم کڵپەی ژانەم
پرچیشت وەکو پرچی شۆڕەبی
جار جارێ بە دەم بای شەماڵەوە
باوەشێنی کات پشکۆی سووری لێو
بۆ بمرم بە دەم پێکی تاڵەوە..؟
بەڵکو خامۆش بێ کڵپەی دەرون و
رۆچێ شە پۆلی هەڵچوی شێتی لێو
بەڵکو لێوم بێ بەکەشتی نووح و
لەنگەرێ بگرێ لەکێوی سەر لێو
ئەوسا لەترسی خنکان یان مردن
لێوی ماچ دەگرێ بۆ پەنا بردن
با لافاو بەناو خاکدا رۆنەچێ
ماچێکیش دەکەین بەدەریای بێبن.





# لێو

تۆ لێوت هێناو...
منیش وەك منداڵ،
شەرمم لەدارو بەردی
دنیا کرد
نەمزانی تۆ چۆن...
ئەو گوڕو تینەت
لەگیانی ترس و شەرما
پەیدا کرد؟
گەرچی نەگەشتین...
تێر بەکامی دڵ..،
ماچێ بکەین و تاسە
بشکێنین
هەر ئەبێ...
رۆژێ، ئەم قەڵای ترسە
بەشۆڕشی ماچ هەرەس
پێ بێنین.

# وەرزی ماچ

**نێوانی...**
**من و تۆش، وەکو ساڵ،**
**سروشتی چوار وەرزی تێدایە**
**دەمێکی...**
**بەهارە و، دەمێکی پایزە..،**
**دەمێکی بەگەرمی و دەمێکی سەرمایە**
**ناتوانین...**
**تەمە نمان لەوەرزی بەهاردا**
**ڕابگرین بۆ ژیان. .،**
**هەر...**
**وەرزیّ جوانێتی و..**
**پێناسەی ڕەنگێکی تێدایە.**





# یادەکانی ماچ

**تەمەن دەڕواو ...**
**ئەو ڕۆژانەی ماچت ناکەم،**
**لەگەڵ مردندا یەکسانن**
**سبەی دمرین...**
**ئەوەی کەدەمێنێتەوە بۆ یادگاری**
**ئەم شیعرانەو ماچەکانن**
**کەژیانیش...**
**تەنیا جارێك بێت و ئیدی**
**چارەنوسمان فەنا بوونە**
**بۆچی...**
**بەربانگی ماچەکان نەکەینەوە**
**لەو کانیاوی لێوە ڕونە؟**

# فریشتەی ماچ

کەسەیری...
ئاوێنە دەکەم، ماچەکانت
وەك فریشتە لەسەر لێوم
پێدەکەنن
کەڕویان...
لێوەردەگێڕم، خەمەکانم
ئەوەندەی ( نوح )
بەتەمەنن
نازانم...
جارێکی تر بەختی..
ماچەکانی تۆم پێدەبڕێ ؟
یاخود...
بەسویی ماچێکەوە..
مەرگ دێت و یەخەم دەگرێ .





# مانای ماچ

ڕۆژێك دادێ...
باڵندەکان بەشیعری ماچم
باڵ دەگرن
ئەو...
ڕۆژەشم لەبەر چاوە،
لەسەرماچێ لێوم دەبڕن
چەندە گێلن...
کەنازانن گیانی ماچ
لەناو دڵدایە
کەڕەنگی ماچ...
خوێنی دڵ بێ.. چی
جوانترە لەو مانایە؟

# نەباتی ماچ

هاتم وەك فەرهاد...
بێستونی سەختی نەباتی لێوت
بەماچ هەڵکۆڵم
هەر...
قوڵینگێکم دەوەشاند زیاتر،
دڵنیا دەبووم من چەند کلۆڵم
دەمەوێ...
لوتکەی لێوێ بنکوڵ کەم،
هاکا بەسەرما هەرەسی هێنا
ئەوسا...
نەك لێوم سەرا پا گیانم،
قوربانی ماچە و سوورە لەخوێنا.





# دۆزەخی ماچ

لەوەتای تۆ...
تەزوی گەرمی ماچەکانت
لێ بڕیوم
گوڵی سووری...
شیعر ناگرن، لێوی بەبێ
ماچ تەزیوم
ئاخر گوڵم...
کەئیلهامی هەر شیعرێکم
لەماچێکی لێوتدا بێ
بە پشکۆیەك...
لێوم داخکە، ئەگەر دۆزەخ
لەنێوان لێویشتدا بێ.

# خەونە ماچ

**کە شاعیرێک...**
**لێوەکانی کانیلەی**
**ماچی پاراو بن،**
**خەو بینینی چاوەکانی**
**لەڕاست دەچێ**
**خۆ تفەنگ...**
**نانێم بەدڵی ئاشقەوە،**
**بۆچی دڕک لە لێوەکانم**
**هەڵبچێ ؟**
**من...**
**بە ئەوەش دڵم شادە..**
**هات لەخەوما ماچێکی**
**لەجیاتی دامێ**
**کە شێتانە...**
**لێی دەڕوانم زویر نابێ،**
**چونکە بۆ خۆشی دەزانێ**
**شێوەیەکی لەئەو دەچێ.**





# ماچ و خۆر

**کەبەیانیان...**
**تیشکی خۆریش لەنێوان**
**لێوی چیاوە دێتە دەرێ**
**ئەوەش...**
**ماچە...ئەگەر سروشت**
**وەکو من پەی بەماچ بەرێ**
**ئێوارانیش...**
**لەدەمی خۆر ئاوابووندا چیا دەڵێ،**
**- لەهاتنەوەت بەگومانم ماچم بەرێ.**

# ئاوێنە

ئاوێنەکەت...
بۆی باس کردم..،
دوێنێ شەو زۆر بۆم گریاوی
گوایە...
هەتا شەو درەنگان..،
گریان یەخەی بەر نەداوی
بەر لەخەوتن...
بەئاوێنەکەت وتووە..،
بێنە با تێر ماچت بکەم
نەبا سبەی...
من بمرمو پێ ڕانەگەم،
دوا ماڵ ئاوایت لێبکەم
بۆ گیانەکەم...
لەبەر ئاوێنەی چاومدا
پێ لەڕاستی ئەشق نانێی؟
بۆچی نایەی...
ئاوێنەی چاوەکانی من،
لەبەرانبەر خۆتا دانێی؟





# تاسەی ماچ

کە...
یەکەم جار ماچت کردم
دەنگێکی گەورەی دڵم هات،
وامزانی سنگمە کون بوو
لەنێوان...
دەم و لێوماندا..
پەشمەکی ڕۆح تواییەوەو
خەمەکانیشمان لێ ون بوو
بۆیە...
ئێستاهەموو جارێ،
کەشیعری ماچ دەخونمەوە
وا هەست دەکەم...
ڕەنگی سووری لێوەکانتە
ڕژاوەتە ناو خوێنمەوە.

# نهێنی ماچ

گەر...
لێوەکانی تۆ نەبێ،
بەرگەی تاڵی و خەمی
ئەم رۆژگارە ناگرم
گەر...
ماچەکانی تۆ نەبێ،
شەڕی ئاسمانەکان ناکەم
ئەستێرەی شیعر داناگرم
بۆیە ئێستا...
بەدوای رووناکی لێوتدا
وەك تاریکی شەو دەگەڕێم
دەمەوێت...
بتدۆزمەوە، لەماچێکدا
نهێنی ماچت پێ بڵێم.





# هەتوان

نەخۆشم گیانە...
کوا قەڵەم لێوێ
دوایین هەناسەم بۆ تۆمار
بکات؟
باڕەشی...
مەرگم هەڵیکردووە،
نازانم ماچێ هەتوانم دەکات؟
خەزان...
نیشتوە لەو دوو لێوانەی،
تاسەو حەزی تۆ سوور کردنی
بوو
هاکا...
پایزیش گەلای لێوی من،
نێچیری لێوی ماچ کردنی
بوو.

# چاپکراوەکانی شاعیر

- جەستەی شارێکی مۆمیاکراو
- درۆکانی دەم رەشەبا
- خەمی کۆچە ناوەختەکان
- کاتژمێر سفر
- رووداوو کارەسات
- گومان
- هەناسە تەزیوەکانی با
- فریشتە
- لەتێ دڵ
- شەوێك لەبەر باران
- ماچ لەدەمی کەنارییەکاندا